

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# ئایدیالۆژی وۆک
# توێکاریی وۆکیزم

پییەر ڤالۆنتا

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

# ئایدیالۆژیای ووک: توێکاریی ووکیزم

## پییەر ڤالۆنتا

دامەزراوەی داهێنانی سیاسی (fonadation pour l´innovation politique)

ژوولای 2021

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# پوختە

سەرەتاکانی 2010، دیاردەیەکی نوێ هاتە ئاراوە کە خۆی بەناوی "ووک\Woke"، ناساند. بەمانای "بەئاگابوون" دێت کە ئاماژەیە بە ئاگاداربوون لەو نایەکسانییەی کە کەمینەکان لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن. لە هەندێک لایەنی تایبەتەوە لە پۆست-مۆدێرنیزمەوە سەرچاوەی گرتووە. بە خێرایی بەهێز دەبێت. واتە سەرهەڵدانی کەلتوورێکی ئەخلاقی نوێ، کە تیایدا "قوربانیبوون" دەبێتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی. پێویستی بە هەلومەرجێکی تایبەتە، بەتایبەت ئەتۆمیزەبوونی کۆمەڵایەتی و ئاستێکی بەرز لە فرەیی ئێتنیکی و جێندێر. برۆکراتیزە و هەروەها بە یاساییزەبوونەوەی کۆمەڵگا، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و گرەنتی ئەوە دەکات کە پێگەی قوربانی، لەلایەن دەسەڵاتداران و لایەنی سێیەم بە فەرمی بناسرێت و ئەگەری سەپاندنی  واقعییانەی "یاسا و ڕێسای ووک" دەچەسپێنێت. هەموو ئەم بارودۆخانە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا بوونیان هەیە، بەتایبەت لە زانکۆکانی ئەمریکادا کە "ووکیزم" زۆر کاریگەریی لەوێ هەیە. هەندێ لە چاودێران پێیان وایە ئەم بزوتنەوەیە کە لە لایەن گەنجانەوە بەڕێوەدەبرێت، لە چوارچێوەی زانکۆکاندا ماوەتەوە. بەڵام ئاشکرایە کە هەم لە دەرەوەی زانکۆ و هەم لە دەرەوەی ئەمریکایش بە خێرایی لە گەشەکردندایە.

**<<<>>>**

لە حەفتاکاندا "زانکۆی ئیڤەرگرین" نەریتێکی بەناوی "ڕۆژی نائامادەیی" داهێنابوو کە ئەو مامۆستا و خوێندکارانەی سپیپێست نەبوون، زانکۆکانیان بەجێ هێشت و لە شوێنێکی دیکە کۆبوونەوەیان ڕێکخست. ئەم ئەکتە ئامانجی ئەوە بوو کە «گرنگیی ژیانی کەسانی ناسپی» لە ناو زانکۆکاندا وەبیر بهێنێتەوە، بەڵام لە ساڵی 2017دا، ڕێکخەران سەرلەبەر شتەکانیان گۆڕی و داوایان لە خوێندکار و مامۆستا سپیپێستەکان کرد زانکۆکان بەجێ بهێڵن. مامۆستایەکی بایۆلۆژی نارەزایی دەربڕی و باسی ئەوەی کرد کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ئارادایە لە نێوان ئەوەی کە بە ویستی خۆت نەیەیتەوە نێو زانکۆ و ئەوەی کە ڕێگریت لێ بکرێت. ئەم مامۆستایە یەکسەر خۆی لەبەردەم تورەیی، هەڵچوون، تۆڵەکردنەوە و دواجاریش؛ هێرشی ڕۆژانەدا بینییەوە.  سەرەنجام بە هۆی گێچەڵی بەڕێوبەرایەتیی زانکۆوە «مامۆستای بایۆلۆژی و هاوڕێکەی» لەبەر ئاسایشی ژیانیان، بەتەواوی ناوچەکەیان چۆڵ کرد و ڕۆیشتن.[1]

زۆرێك لە چاودێران لەو کاتانە بەدوواوە سەرنجیان لە سەر ئەم دیاردەیە چڕ کردۆتەوە، کە هێدی هێدی بە تێرمی "ۆوک" دەیناسینەوە. هەندێك لە دەستپێکدا وایان بیر دەکردەوە کە ئەم ڕووداوانە تایبەتە بە زانکۆکانی ئەمریکا، بەڵام ئەم دیاردەیە دزەی کردە نێو کۆمەڵگاکانی خۆرئاوایش. لە ڕاستیدا؛ لە دوای هاوینی 2020 و دوای مردنی جۆرج فلۆید و بزوتنەوەی {ژیانی ڕەشەکان گرنگە} (black Lives Maters)، لە کۆتاییەکانی مانگی مەی و هاوکات لەگەڵ شەپۆلی میدیایی لە ئاستی جیهانیدا، دیاردەی ۆوک چڕوپڕتر و فراوانتر بوویەوە. لەبەرامبەر ئەم ئەخلاقە کەلتووریە نوێیەدا، زۆر کەسیش جۆرێك تێنەگەیشتن و هێشتا نیگەرانییان پێوە دیارە.

پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی کورتە، بۆ ئەوەی بزانین دەربڕینی [ۆوک] لە کوێوە هاتووە. ئەم وشەیە سەرەتا لە ئەمریکا و لە نیو کۆمەڵگەی ئەفریقی/ئەمریکیدا دەبێتە وشەیەکی باو، کۆمەڵگەیەک کە بەدرێژاییی سەدەی بیستەم لێرەولەوێ دەرکەوتنی هەبووە، بەڵام بە هۆی گۆرانیی "RnB Master Teacher" لە لایەن گۆرانیبێژ "Erykah Badu"[2] بەتەواوی دەچەسپێت. دەبوو تا ساڵی 2018 چاوەڕێ ببین تا گومانەکان بۆ ئەم وشەیە زیاتر ببێت. بە درێژاییی گۆرانییەکە "جۆرجیا ئان مۆلدرۆ"ـی ژەنیار دەڵێت: "من وشیار(وریا) دەبم". لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ساڵی 2018دا بڵاوبووەتەوە، ڕوونی دەکاتەوە کە: «ۆوکبوون(وشیاربوون) بە تەواوی ئەزموونێکی ڕەشانەیە(...) تێگەیشتن لەوەی کە باپیرانی ئێوە(ڕەشەکان) چۆن ژیاون. لە پەیوەندیدابوون لەگەڵ خەباتێك کە خەڵکی ئێمەی تا ئێرە هێناوە و تێگەیشتن لەوەی کە لەو ڕۆژەوە هاتووینەتە ئێرە، ئێمە لە خەباتدا بووین.» ئەوکاتەیش کە "ئیریکا بادوو" لە ساڵی 2012دا پشتگیریی لە "پووسی ڕیۆت" کرد، زاراوەی [ۆوك] لە خەباتی ئەفریقی/ئەمریکییەوە ڕەهەندێکی گشتیتری وەرگرت و لە ڕێگەی بزوتنەوەی Black Lives Matter لە ساڵی 2013 تا 2014 هەموو شوێنێکی گرتەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆر کەس پێیانوایە، زاراوەی [ۆوک] لە ڕاستیدا سووکایەتی نییە بە بەرامبەر، بەڵکوو خۆناساندن بووە. {لایەنی سووکایەتیی ناو زاراوەی ۆوک} ئەوکاتە دێتە بەر باس کە گەشە دەکات و دەکەوێتە نێو ڕەخنە و مشتومڕەکانەوە. لەگەڵ ئەمانەش؛ لە ساڵی 2016دا داکیومێنتارییەک[3]کە بە بەشداریی ئەندامانی سەرەکیی بزووتنەوەکە درووستکراوە، ناو نراوە Stay Woke / ژیانی ڕەشەکان گرنگە. لە ساڵی 2018دا ڕۆژنامەی لۆمۆند[4] دەنووسێت: «وریا/وشیاربوون Be woke کەم تا زۆر لەناو کەلتووری ڕەشەکانی ئەمریکادا بە هاومانای Be cool دێت.»[5]

ئەم تێرمە زیاتر خۆی لە پێناسەیەکی دیاریکراو نزیك کردەوە. بۆ نموونە؛ ڕادیۆ کەنەدا ئەم پێناسەیە بەکار دەهێنێت: «لە بواری «خەباتی یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا» ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بە کەسێك کە هەستیارە بەو نایەکسانییەی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدات. ئەم دەستەواژەیە بۆ دژایەتیی {ناوشیاربوون (خەوتووبوون)} یان {نەبوونی پەروەردەی پێویست لەبارەی بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرسی نەژادی} بەکار دەبرێت.»[6]

ئەم بابەتەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، هێڵە سەرەکی و گشتییەکانی [ووکیزم] دەخاتە ڕوو. هەوڵ دەدات هەلومەرجی مرۆیی و کەلتووری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە بخاتە بەر باس کە پێویستی بە خوێندنەوە و لەبەرچاوگرتنی لایەنی سایکۆلۆژیی چالاکوانانی ئەم بوارەوە هەیە.

# بەشی یەکەم

## سیستمی بیرکردنەوەی ووک

ئەم بەشە زۆر بە کورتی؛ پشت بە کتێبی "تیۆرییەکانی ڕەشبینی"[7] دەبەستێت (لە نووسینی"هێلین پلاکرۆس" و جیمس لیندسی)، کە لە ساڵی 2020دا[8] بڵاو کراوەتەوە و کۆکراوەترین بەرهەمە لەسەر ئەم بابەتە. هەر دوو نووسەرەکە پێشتر لە ساڵی 2018دا بەهۆی کارکردن لە سەر «فرتوفێڵی ئاکادیمی» ناسرابوون کە ئامانجەکەی لە گرنگیخستنی هەندێ بڵاوکراوەی پۆست-مۆدێرن بوو. هەوڵێك کە بە "Sokal au carré " ناسرابوو و ئاماژە بوو بە هەمان فێڵی ناو بەرهەمی "ئالان سۆکال" و "جین بریکمۆنت" لە 1990دا[9]. "پلاکرۆس" و "جیمس لیندسی"پێیانوایە کە [ووکیزم] ڕۆڵەی پارادۆکسیکاڵ پۆست-مۆدێرنیزمە.

### یەکەم: بانگەشەیەکی پۆست-مۆدێرن: مەعریفە بەرهەمی دەسەڵاتە، نەك ئاگایی

[بزووتنەوەی ووکیزم] بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕوانگەیەکی پۆست-مۆدێرنی هەیە کە دەتوانین بە "گومانی ڕادیکاڵ لە گەیشتن بە مەعریفەی بابەتی(ئابجێکتیڤ[10]) و حەقیقەت" بیناسینەوە. [ووکیزم] بەرگری لە ئەو ئایدیایە دەکات کە «کۆمەڵگە بە سیستمەکانی دەسەڵات و هیرارشی (پلەبەندی) درووست بووە کەوا بڕیار دەدەن کە چی دەناسین و چۆن دەیناسین.»[11]

لێرەدا هەست بە کاریگەریی "میشێل فووکۆ" و یەکێك لە مژارە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی لە سەر «دەسەڵات و مەعریفە» دەکەین. «دەبێت ئەوە قبووڵ بکەین کە دەسەڵات مەعریفە درووست دەکات(نەك لەبەرئەوەی بەرگری لێ بکات بۆ خزمەتی خۆی یان بە کارهێنانی لەبەر بەسوودبوون). «دەسەڵات و مەعریفە» ڕاستەوخۆ ئاماژە بە یەکتر دەکەن. بەو مانایەی کە هیچ  پەیوەندییەکی دەسەڵات بێ دامەزراوەی پەیوەندیدار بە ئەو بوارە مەعریفییە، بوونی نییە و هیچ مەعریفەیەکیش نییە هاوکات پێشمەرجی پەیوەندییەکانی دەسەڵات نەبێت.»[12]

زەقکردنەوەی پرسی "دەسەڵات/مەعریفە" بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەکانی بیرکردنەوەی [ووکیزم] ناچارییە. بە پێی ئەم ڕوانگەیە؛ ئەو تێگەیشتنەی کە بە پێشکەوتنی ئاگایی ناودەبرێت، هیچ نییە جگە لە گوزارەیەکی دەسەڵات. لەبەردەم پرسیی بەرهەمهێنانی وشیارییەک، مەعریفەیەک، ئەم پرسیارانە دێنە کایەوە: دەسەڵات لە کوێوە دێ و لە بەرژوەندیی کێیە؟ پرس و پرۆبلماتیکی دەسەلات/مەعریفە هاوکات دوو پرسی بنچینەیی پۆست-مۆدێرنیزمیش پاڵپشتی دەکات، چونکە ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت کە دەسەڵات و مەعریفە لەیەکبەستراون و جیاناکرێنەوە، کەواتە ئەم پرسە دێتە پێشەوە کە لەڕاستیدا ئەوە دەسەڵاتە بڕیار دەدات کە چی هەبێت و چی بزانرێت/بناسرێت؛نەك خودی زانست و ئاگایی. کەوابوو مەعریفە تەنیا ڕەنگدەرەوەی دەسەڵاتە. لەم لایەنەوە گومان و ڕەدکردنەوەیەکی ڕادیکاڵی ووکیزم سەبارەت بە ئەگەرەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفەی بابەتی (ئابجێکتیڤ) لە ئارادایە.

**بە بڕوای "پلاکرۆز" و "لێندسی" پۆست-مۆدێرنیزم چوار بابەت دەناسرێتەوە.**

لەناوچوونی چوارچێوەی پێشوەخت و شوێنگرتنەوەی ئارەزوومەندانە. هەموو جیاکارییەك، جیاوازییەك یان پۆلێنبەندییەك دەبێتە شتێکی ڕێژەیی و ئاڵۆز، بە ئامانجی نکۆڵیکردن  لە هەر پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەر پۆلێنێک (کاتێگۆری) کە ئەگەری تێکدانی سیستمەکانی دەسەڵات مەیسەر دەکات. لێرەدا بیرکردنەوەی "فووکۆ" دەبینین، بەڵام هەروەها "ژاک دێریدا"ـیش دێتە نێو باسەکەوە. چونکە بۆ ئەوان هەر جیاوازییەك بە گشتی هیرارشی و پلەبەندی دەشارێتەوە. بۆ نموونە هەرکەس کاتێگۆریی «پیاو و ژن» جیا دەکاتەوە، دەیەوێت ڕەوایەتی بە سەردەستی و دەسەڵاتی یەکەم بە سەر دووەمدا بدات. لای دێریدا دووانەیی/باینەرییەکان پێکهاتەی دەسەڵاتن و بۆ سەرکوتکارین و دەبێ لێکبترازێن (دیکانستراکشێن)، چونکە دووبەرەییبوونی چەمکە مێتافیزیکییەکان (بۆ نموونە ئاخاوتن/نووسین،ئامادەیی/نائامادەیی و ...هتد) تەنیا بەمانای دووبەرەکی دوو چەمك و وشە نین، بەڵکو هیرارشی و پلەبەندین و  مانای ژێردەستەبوون دەگەیێنێت.[13] «کەواتە ئێمە دەبێ ئەم جیاکارییانە لێکبترازێنین (شیتەڵ بکەین) و کاڵیان بکەینەوە.»

**بابەتی دووەم** پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتی زمانەوە کە پێیانوایە تێگەیشتنی ئێمە لەسەر واقیع دروست دەکات. ئەم چەمکە لەژێر کاریگەری مارتین هایدگێر و دوواتریش دێریدا (لە کتێبەکانی گراماتۆلۆژی، نووسین و جیاوازی، دەنگ و دیاردە) باس دەکرێت. پلاکرۆس و لێندسی ئاماژە بەوە دەکەن کە دێریدا لە بەرهەمەکانیدا کۆفام (یان عەقڵی سەلیم common sense) ڕەد دەکاتەوە کە وشەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە شتێك دەکەن لە جیهانی واقیعدا، بەڵکوو وشەکان تەنیا ئاماژەن بە وشەیەکی تر یان جیاوازییەکانیان و زنجیری "ماناکان/دالەکان" درووست دەکەن، کە دەتوانن بەرەو هەر ئاراستەیەکی بێ لەنگەر و کەناردا بڕۆن. لێرەدا، جیابوونەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێوان گوتارەکان و واقیعە بابەتی و ئابجێکتیڤەکانەوە (خاڵی لەنگەرگرتن[14]).[15]

**بابەتی سێیەم**، ڕێژەخوازیی کەلتووری پێیوایە مەحاڵە پۆلێنبەندی کەلتوورێک وەک باڵا و ئەوی دیکە وەک نزم بکرێت. شایانی باسە کە پلاکرۆس و لێندسی لەم قۆناغەدا لە بیری دەکەن کە لە ناو لقە جیاوازەکانی پۆست-مۆدێرنیزمدا، بیرکردنەوەی دیکۆلۆنیاڵ بەشێوەی پارادۆکس ئەم باسە بەکار دەهێنێت و هەندێجاریش بە شاراوەیی، کەلتووری خۆرئاوا لە بەرانبە کەلتووری "خۆجێ/ئیندێجێن" بە نزم دەزانێت. پییەر ئەندرێ تاگییەڤ ئاماژە بەوە دەکات کە «ڕێژەخوازی دیکۆلۆنیاڵیزم لە ئیسلامدا دەوەستێت؛ و لە دەرەوەی فۆڕمە کەلتوورییەکان بۆ ڕەخنەگرتن دادەنرێت، وەك شتێکی پیرۆزکراو، دەستبۆنەبراو (...) و واقیعی ڕاستەقینە و تاکە بکەری شۆڕشگێرانە لە جیهانی هاوچەرخدا پێناسە دەبێتەوە.»[16]

**چوارەم بابەت** و دووایین ئاست، ڕەدکردنەوەی **تاک** و **جیهانیبوونە**، کە هەردووکیان وەك چیرۆکی قەیراناوی سەردەمی ڕۆشنگەری بە **ماسکی دەسەڵاتی سپی** دەیناسێنێت. لای پلاکرۆس و لیندسی، لەناو پۆست-مۆدێرنەکاندا «چەمکی جیهانی [mondial] لە باشترین حاڵەت ساویلکانەیە و لە خراپترین حاڵەتیشدا هەوڵێکە بۆ سەپاندنی گوتاری دەسەڵات بەسەر هەمووان‌دا [هەموو جیهاندا].»[17] تاکی ئازاد و عەقڵانی وا بەرهەمی مۆدێرنیتەیە بە دەرەنجامی وەهمی پێکهاتەکانی دەسەڵات و دیسکۆرسەکان دەزانێت.

## دووەم: سێ قوناغ بۆ فەلسەفەی پۆست-مۆدێرن

پلاکرۆس و لیندسی، پەرەسەندنی بیرکردنەوەی پۆست-مۆدێرن لە سێ قۆناغدا کۆدەکەنەوە. قۆناغی یەکەم لە دەیەی 1960 تا 1970؛ لەم قۆناغەدا مێتا-گێڕانەوەکانی وەك مارکسیزم و مەسیحیەت ڕەت دەکاتەوە و لێکترازان بۆ گوتارەکان دەکات کە دەسەڵات لە پێکهاتەکانیدا شاردراوەتەوە و هاوکات لە نۆرمسازی ئاشکرا خۆی بە دوور

دەگرێت. لە ناوەڕاستەکانی 1980، ئەم قۆناغەی لێکترازان کۆتایی دێت و زۆرکەس بە کۆتایی پۆست-مۆدێرنیزمی یەکەمی دەزانن. لەگەڵ ئەمەش بەبڕاوی ئەم نووسەرانە پۆست-مۆدێرنیزم بازدانێك دەکات و دەبوو فۆڕمە سەرەکییەکەی خۆی لەناو ببات. لە قۆناغی دووەمدا، لە کۆتاییەکانی 1980 تا 2010 دەقەکان نۆرماتیڤ دەبنەوە و لێکترازان دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی پەیڕەوی ئەخلاقی. پۆست-مۆدێرنەکانی ئەم قۆناغە لەبەردەم ئێسکوپروسکی لێکترازانەکانی پێش خۆیان، ناچار دەبوون جیهانێکی باشتر لێکبسازێنن و هاوکات پێداگریش لەسەر بنەما و مژارەکانیان بکەن. لێرەدا دوورکەوتنەوە لە گومانی ڕادیکاڵ وەها دەکات کە پۆست-مۆدێرنیزمی یەکەم دەستکاری بکرێت و دوواتر باسی داشکاندنی چوارچێوە ڕۆشنبیرییەکە بۆ خزمەت بە باسی هێزە سیاسییەکەی بێتە ئاراوە. ئەم کارە بەتایبەتی بە ئایدیاکانی کەمبرلی کرێنشاو، نووسەری بواری "ئینتێرسێکشناڵیزم[18] (تێکهەڵکێشخوازیی)" بەرجەستە دەبێت؛ بە پێداچوونەوەی ئایدیای دەسەڵاتی هەمەلایەن و سەرچاوەکانی گەندەڵی ئەخلاقی و پۆلینبەندییەکانی ستەمکار و ستەملێکراو، کە پێشووتر وەک واقعێکی بەرهەست قبوڵ کرابوون؛ واتە هەڵاواردنێک کە لە واقیعدا نەکەوتووەتە بەر دژایەتی. فێمێنیستێک بەناوی ماری پۆڤی ئاماژە بەوە دەکات کە «میتۆدەکانی لێکترازان (دیکانستراکشێن) دەتوانێ سەرچەشن و کلێشەکانی جێندێر بباتە ژێر پرسیار و هاوکات لاوازی بکات. تێڕوانینێکی ڕادیکاڵ دەتوانێ بوونی کاتێگۆری "ژن" لەناو ببات و بۆ بەرگری لە ژن لەبەردەم پیاوێک کە ستەمی لێ دەکات، دەبێ مانای کاتێگۆرییەکان بپارێزررێت و بە گومان و دڕدۆنگی لەناویان نەبەین.»[19]

دوایین و سێیەم قۆناغی پۆست-مۆدێرنیزم ووکیزمە کە ئەمڕۆ لەبەرچاماندایە. ئەم قۆناغە لە 2010 دەستی پێکرد و لەلایەن پلاکرۆس و لیندسی، وەك پۆست-مۆدنیزمی کانکرێت "بەرهەست"[20] ناودەنرێت. ئەوەی لە 1960 و 1970 وەک ڕەخنەی مێتا-گێڕانەوە هاتە ئاراوە، خۆی دەبێتە مێتا-گێڕانەوەیەک وا بە لە لێکترازانی واقیعێک کە بە "پرۆبلماتیک"ـی دەزانێت (مەرجی ڕزگاری کەمینەکان و "ئەویتر" لە هەموو فۆڕمەکانیدا ، دەناسرێتەوە.) لێرەدا بازنەکە دادەخرێت، چونکە ئەوەی وەک وەسفکردن (قۆناغی یەکەم) دەستی پێکرد و بووبە پەیڕەوی ئەخلاقی (قۆناغی دووەم) و لە ڕێسای شاراوەی ناو وەسفەکاندا (قۆناغی سێیەم) کۆتایی پێ دێت. پێشگریمانە ئەخلاقییەکانی پۆست-مۆدێرنیزم بۆ لایەنگرانی نادیارن چونکە زیاد لە پێویست دیار و ئاشکران [واتە ڕوون و سەلمێنراون]. تۆنەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە ئەوان وادەزانن لەبارەی فاکتی سەلمێنراو و چەسپاوەوە قسە دەکەن نەک تیۆرییەکان. بۆ نموونە تیۆری ڕەخنەی نەژاد[21]، کە یەکێکە لە بەربڵاوترین لقەکانی ووکیزم، چیتر ناپرسێت کە ئایا لە پەیوەندی و ئینتێراکشنی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ڕەیسیزم هەیە یان نا (لای ئەوان ئاشکرایە)، بەڵکوو پرسیار دەکەن چۆن خۆی دەردەخات.[22] ئەوان دووای نوقمبوون لەم پاڕادایمەدا، مانەوەیان لە پێگەی

ئاکادێمیا بەستراوەتەوە بە تواناییان لە دۆزینەوەی نایەکسانی نەژادی کە بۆ کەسانی تر نادیارن و هەمیشەش ناچارن چەندین نایەکسانی تر "کەشف" بکەن. ئەمە دوایین قۆناغی پۆست-مۆدێرنیزمە، ئەمە ئەو ساتەیە کە ئایدیاکان بەسەر دیواری زانستە کۆمەڵایەتی و زانکۆکاندا باز دەدەنە دەرەوە و لە ڕێگەی جیهانی میدیا و بیزنس و فەزای گشتی ئەمریکا و خۆرئاوادا بڵاو دەبنەوە.

## سێیەم: لقە ئاکادێمییەکان

پۆست-کۆڵۆنیاڵ ستادی لەلایەن پییەر ئەندرێ تاگییەف بەم جۆرە پۆلێنکراوە: «پێشگریمانەی ئەوەی کە میراتی کۆڵۆنیاڵیزم (مەعریفی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی) هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە، کەوابوو دیکۆلۆنیالیزم بەم جۆرە فۆڕمووڵە دەکرێت: "لێکترازان [دیکانستراکشێن] هەموو شتێك بۆ دیکۆڵۆنیزەکردنی هەموو شتێك.»[23] هەمووان بۆ ڕزگارکردنی "ئەویتر"[24]، کە لێرەدا واتە لە خۆیدا فۆڕمی بیانی، کۆچبەر و کەمینەی ئێتنیکی وەردەگرێت.

کوییر ستادی، کە جودیت باتلێر ناسراوترین کەسایەتی ئەم بوارەیە، ئایدیاڵی بەخوربوون [سەیال-ڕەوان][25] لە بواری جێندێردا بڵاو دەکاتەوە تا توندوتۆڵی هەندێک کاتێگۆری وەک "ژن" و "پیاو" کە پێی وایە سەرچاوەی سەرکوتن، بشکێنین. کوییر، بریتییە لەوشتەی کە نەتوانین وەک باینەری (دووانەیی) پۆلێنبەندی بکەین. واتە هەرکەس کە هاوڕەگەزخواز، دووڕەگەزخواز، پانسێکچواڵ، ترانسجێندێر، نابایندەر یان تێکەڵێك لەمانە یان هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی LGBTQ [پەلکەزێڕینە] بێت، دەتوانێ کوییر بێت؛ بەو مەرجەی کە وەک یەکێك لە تیۆریسەنەکانی ئەم بوارە، دەیفید هالپرین دەڵێت: «دژ بە نۆرم و دژ بە ڕێپێدراو و دژ بە باو بێت.»[26]

تیۆری ڕەخنەیی نەژاد لە دەیەی 1970 دا هاتەئاراوە بەڵام لە ساڵی 1980 و 1990دا خێراییەکی زیاتری بەخۆوە بینی. گریمانەی ئەم تیۆرییە ڕەدکردنەوەی جیهانی لیبراڵ و یونیڤێرساڵە کە ئامانجەکەی بەبڕوای ئەوان ڕەنگ-کوێرییە.[27] پلاکرۆس و لیندسی بەم جۆرە بۆمان پێناسە دەکەن: «ڕەیسیزم لە هەموو شوێن و کاتێك ئامادەیە و بەردەوام بە زیاتی ڕەنگینپێستەکانە کە ئاگادارن لەبەرامبەری و لەبەرژوەندیی سپییەکانە کە نایانەوێ ئاگاداری بن.»[28] بیرمەندی ووکیزم ئیبراهیم کێندی هەمان شت دووبارە دەکاتەوە: «کەسی ڕەنگ-کوێر، بە ڕەدکردنەوەی بینینی نەژاد، ڕەیسیزم نابینێت و دەکەوێتە داوی ناچالاکێتی (پاسیڤیزمی) نەژادپەرستانەوە. زمانی ئەم ڕەنگ-کوێرییە، وەك زمانی "ڕەیسیست نییە"یە و دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی ڕەیسیزم.»[29]

## چوارەم: ماتریکسی تێکهەڵکێش (ئینتێرسێکشناڵ)

لە ساڵی 1989دا  وەک بەشێك لە تیۆری ڕەخنەیی نەژاد، چەمکی "تێکهەڵکێش" لەلایەن کیمبرلی کرنشاودا بڵاو کرایەوە. ئایدیاکە ئەوەیە کە دەکرێ هەڵاواردن فرەئاست بێت و لە چەندین ئاستەوە ئەزموون بکرێت؛ وەک کەسێک لە ناوەڕاستی چوارڕێیانێک کە لە ئاراستەی جیاوازەوە دەکرێ بەر ئۆتۆمبێل بکەوێت.[30] هەر بۆیە پیاوی هاوڕەگەزخوازی سپی، کەمتر لە ژنی هاوڕەگەزخوازی ڕەشپێست لەبەردەم ستەمی کۆمەڵگادایە؛ چونکە ئەو پیاوە بە پێچەوانەی ژنەکەوە هەژموونی بەسەر چەند ئاستێکدا (پیاوبوون، سپی بوون) هەیە. لە ڕووی بنەماییەوە هیچ سنورێک بۆ ژمارەی ئەم ئاستانە بوونی نییە و چالاکوانانی ئەم بوارە دەستکراوەن بۆ زیادکردنی ئاستی هەڵاواردنی زیاتر. ئەم چەمکە لێوانلێوە لە هەڵاواردنی نوێ بۆ لێکدانەوە و ئەمەش ئەگەرێک دەڕەخسێنێت بۆ دەستڕاگەیشتنی چەند ئەوەندە بۆ پێگەی **قوربانیبوون**. ئەم ڕوانگەیە بەخێرایی لە نێو فێمێنیستەکان، ئێتنیک و ڕەگەزە جیاوازەکاندا بڵاو بوویەوە. "لە کوێوە قسە دەکەین؟" (حوکمێکی نێو ڕووداوەکانی مەی 68) بوو بە کلیلێك بۆ لێکدانەوە. بە وتەی پلاکرۆس و لێندسی " لە 2006دا فێمێنیزم لە جێندێرستادیدا پشتی بە چوار بنەما دەبەست: 1. جێندێر ڕۆڵی گرنگ لە شێوازی دەسەڵاتی پێکهاتەکان دەبینێت. 2. جێندێر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شتێکی درووستکراوە (لێکسازراوە). 3. پێکهاتەکانی دەسەڵاتی جێندێر لە بەرژەوەندی پیاوانە. 4. جێندێر لەگەڵ شێوازەکانی دیکەی شوناس ئاوێتەیە.[31] لە تازەترین ئاستی هەژموونیدا لە خشتەی چالاکوانانی خەباتی تێکهەڵکێشدا، کێشی زۆر (قەڵەویی) و کەمئەندامان زیاد کراوە. کەسانی سەرقاڵ بە بواری بێتوانایی ستادی[32]، کەمئەندامبوون وەك شتێکی تاکەکەسی تەماشا ناکەن، بەڵکوو وەك چەمکێکی سەپێنراو لەلایەن کۆمەڵگایەکی تێکدەرەوە لێی دەڕوانن. ئەوان بە "ڤالیدیزم"[33] [تواناخوازیی] "کەسانێك تۆمەتبار دەکەن کە پێیانوایە پێوەرێکی فیزیکی مرۆیی بوونی هەیە. لە لۆژیکی ئەواندا، ئێمە نابێ چارەسەری کەمئەندامی بکەین، چونکە ئەمە هیرارشیەت و هاوشێوەسازییە و (لە خۆیدا لەگەڵ کەمئەندامیدا، جیاوازییەکەشیان دەسڕێتەوە).

پلاکرۆس و لێندسی ئەوەمان بیر دەخەنەوە کە لای بیرمەندانی ئەو بوارە «مەیل بۆ ڕێگری یان دەرمانی بێتوانایی و کەمئەندامی، زۆرجار بەشێوەیەکی شۆکئامێز، وەك مەیلی سڕینەوەی بوونی کەسی کەمئەندام (نەك کەمئەندامی) تەماشا دەکرێت. ستراتیژییەکی ڕەشبینانە کە یاری بە وشەکان دەکات.»[34] ڕەنگە ئەم ڕێخۆشکردنێکیش بێت کە قەیرانی دەروونی نەوەی گەنجی بەرزکردووەتەوە (بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم نووسینە) و بەڕاستی سەلماندنی

ئەمەش ئاسان نییە کە ئایا بێتوانایی ستادی، کە هەوڵی "ئاساییکردنەوە"ی [قەیرانی دەروونی] دەدات، خۆی هۆکارە یان ئەنجام.

## پێنجەم: ئاڵنگاریی نۆرم بە نانۆرم

لەم "بنەما" جیاوازانەدا، بزووتنەوەی ووٚکیزم هەمیشە بە یەک شێوە کار دەکات و بە زەقکردنەوەی ڕیزپەڕ و نانۆرمێک، بە بیانووی ڕێژەخوازیی کەلتووری، گرنگی نۆرمێکی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و زانستی ڕەد دەکاتەوە. بزووتنەوەی کوییر لەم لایەنەوە لە هەمووان ڕاشکاوترە. خورێتی la fluidité [سەیالێتی-ڕەوانێتی] ڕێگە بە خستنە ژێر پرسیاری هەموو پۆلێنبەندی و نۆرمەکان دەدات؛ چونکە پێی وایە لە ناوکی خۆیاندا "زاڵمانە"یە، هەر بۆیە جودیت باتلێر داوامان لێ دەکات پێناسەی پۆست-مۆدێرنیزم نەکەین، نەوەک بکەوینە ناو پۆلێنبەندییەوە.

ڕەدکردنەوەی هەموو نۆرمێک لەناو چالاکوانانی قەڵەویی ستادی (Fat study) زیاترە؛ چونکە ئەوان دەرمانی گرفتە جەستەییە قورسەکان بۆ ستراکچێری کۆمەڵایەتی پەتی (سەلماندنی خۆراکناسی لە هەموو شوێنێک) دەیگێڕنەوە و لە خزمەت کەسانی سەردەستیشدا دەیبینن. بەو پێیەی کە پەیوەندی نێوان کێشی زۆر و مەترسییەکانی تەندروستی لە زانستی پزیشکیدا، سەلمێنراوە، ئەوان ئەمە بۆ ستراتیژییەک بۆ سەرکوتی کەسانی پەراوێزخراو پێناسەی دەکەن. خشتەکە هەرجۆرێك بێت یەکسانە: بە ناسینی نۆرمێک یان ئایدیاڵێک (لە بارەی قەڵەویی ستادی، هەوڵ بۆ نەمانی کێشی زیادە) دەست پێ بکە، دوواتر کەسانی خاوەن کێشی زۆر (قەڵەو) ناو ببە و جەخت بکەرەوە سەر بارودۆخیان وەک کەسانی پەراوێزخراو؛ دوواتر نۆرمەکە دەبێتە شتێک کە ناتوانی لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەرگری لێ بکەی. بەتایبەت ئەو کاتەی کە پێگەی ستەملێکراو لەگەڵ هەلومەرجی کەسەکەدا بگونجێت، دوواتریش ڕێژەخوازیی ئەم رۆشنبیرە چالاکوانانە ڕێگەیان پێ دەدات تا هەموو ئارگیوٚمێنتێکی ئەخلاقی یان زانستی ڕەد بکەنەوە و "پلانێك دژی کۆمەڵگەی پەراوێزخراو" پێناسەی دەکەن. لە بەردەم تێرمەکانی "سیستماتیك" یان "پێکهاتەکانی دەسەڵات" یشدا خۆیان بە ناچار نابینن کە ناوی کەسانی پلانگێڕ بهێنن. پەنا بۆ ئارگیوٚمێنتی ad hominem[35] دەبەن، چونکە ئەگەر کەسێك ناڕەزایی دژ بەم تێزانە دەرببڕێت بە ساویلکەی دەزانن «پێی دەڵێن لەم کەلتووە ژەهراوییەدا گەورە بووە و ناتوانێ لەمە تێبگات» یان لە خراپترین حاڵەتدا «دەڵێن ئەو بە ئەنقەست دەیەوێ بەرگری لە خۆی بکات تا پێگەی سەردەستی خۆی بپارێزێت.» کەواتە ئەگەری ڕەخنەی ڕاستگۆیانە، بەڵگەمەند و بێ نیەت، هەر لەسەرەتاوە پوچەڵ دەکەنەوە.

## شەشەم: چەمکە فەلسەفی و کۆمەڵناسییەکان تا میتۆدی کردار

بە دانپێدانانی خۆیان، بیرکردنەوەی ووٚکیزم سوود لە چەمکەکان وەردەگرێت لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە ئەوان دەیانەوێ هەیبێتک نەن ئەو پەیوەندییەی (هاوکۆکییە) کە چەمکەکان لەگەڵ خۆیاندا هەیانە. بە مانایەکی تر بەرگری لە بنەڕەتەکان ناکات بەڵکوو میتۆدەکانی بۆ گرنگە. کەواتە هاوکۆکی دەروونی بیرکردنەوەیەک دەبێ لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی ئامانجی پرسێکی جیهانی پاشەکشە بکات. ئەگەر چەمکێک پێکنەگونجاو، دژیەک و ناڕوون بێت و ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە ئامانجێک مسۆگەر بکات، بە ئاسایی وەری دەگرن.

هەندێجار هاوکۆکی [هاودەقبوون][36] بە خاڵی لاواز دەزانن. ئێف کۆسۆفسکی کەسایەتییەکی ناودار لە فەلسەفەی کوییردا، بەها دەداتە دژیەکی و ناهاوسەنگی، چونکە تێگەیشتن لە بزووتنەوەکان ئاستەمتر دەکات.[37] نووسەری بەناوبانگی بزووتنەوەی پۆستکۆڵۆنیاڵیزم، گایاتری چاکرافۆرتی چەمکی "**زاتخوازیی ستراتیژیک**"[38] ستایش دەکات؛ بەمانای: بە زاتکردنی گروپێکی پەراوێزخراو بە مەرجی ئەوەی کە لە ڕووی سیاسییەوە هەلێک بڕەخسێنێت لەبەردەم کۆڵۆنیاڵیستەکان،[39] کەواتە ئەو هاودژییە ناوەکیانەش دەبنە شتێکی لاوەکی. ئەم زاتخوازییە ستراتیژیکە ئەو باسەیە کە پییەر ئەندرێ تاگییەڤ بە "بێگانەدۆستی هەڵبژێردراو"ـی[40] چالاکوانانی دیکۆڵۆنیاڵیزم ناوی دەبات.[41]

ئەگەرچی وابەستەکردنی خەڵك بە بنەڕەت لە مێتۆد ئاسانترە، بەڵام مێتۆدەکان وەک بنەڕەت دەگۆڕن. بۆ نموونە دەتوانین باوەڕ بکەین کە  بەمجۆرە ڕێز لە فرەیی گرنگە، بەڵام هیچ بڕاردەیەک بۆ بەرگریکردن لە ناو ئەم پرۆگرامەدا نییە کە نووسەرێکی ووٚک یان چالاکوانێک لەسەری سکاڵا بکات کە بەناوی پرنسیپی فرەیی، بەڕادەیی پێویست پیاوی سپیی (یان هێترۆسێکچواڵ) لە وڵات، گەڕەك یان دامەزراوەیەکدا نییە. ئەگەر فرەیی بەڕاستی لە خۆیدا ڕێزلێگیراو بێت، دەبێ بەهەموو جۆرێک و بە هەموو بارێکدا بەم جۆرە بێت. ئەگەر وانەبێت مەیلی ئەنجامخوازانەی ئەم چالاکوانانە ئاشکرا دەکات. گوتاری فرەخوازیی تەنیا ئامرازێکە بۆ "لە سپیخستن"ـی کۆمەڵگا. هەر بۆیە دەبێ لە قسەکانی هۆریا بوتێلجا، دامەزرێنەری پارتی ئیندێجێنسەکانی کۆماری فەڕانسا تێبگەین: «بوونی سادەی ئێمە، کێشی ڕێژەیی دیمۆگرافیمان دووئەوەندە دەکات، کچە گەورەکەی کلێسا (..) کە پێشتر سپی بوو، دەبێتە ئەفریقی، عەرەبی، بەربەر، خۆجێیی، ئیسلامی.»[42] کەواتە لاوازی (تەنانەت سڕینەوەی) ئەو کەسانەی کە "سەردەستن" واتە هەموو خۆرئاواییەک کە بە سپی دەزانن -بەرگری لە فرەیی کە بڕیار بوو بنەڕەت بێت- تەنیا مێتۆدێکە بۆ ئامانج.

## حەوتەم: ستراتیژی ڤایرۆسی

لەگەڵ ئەم ڕوانگە ستراتیژیکە بۆ چەمک (چەمکی باش چەمکێکە کە کاریگەری "باش"ـی هەبێت) پێمان سەیر نەبێت کە وۆکیستەکان بە شێوەی پازێتیف خۆیان وەك بڵاوکەرەوەی ڤایرۆس دەبینن. نووسەرانی وتارێکی ئاکادێمیک لەساڵی 2016، فێمێنیزم لەگەڵ نەخۆشیٚ ئێبۆلا بەراوەرد دەکەن تا تێگەیشتنی خۆیان لە فێمێنیزم وەک ڤایرۆسێک کە سیستمی بەرگری بوونەوەرەکان بەرز دەکاتەوە، بخەنە ڕوو.[43] ئەم ڕوانگەیە پێشتر لە لای ژاک دێریدا بوونی هەیە کە کارەکانی خۆی وەك "مشەخۆرناسی[44] و ڤایرۆسناسی"[45] دەبینێت. بۆ ئەوەی ڤایرۆسێک خانەیەک نەخۆش بخات، دەبیٚ فێر بێت پێش چوونە ناو خانەکە لاسایی بکاتەوە؛ ئەمە مێتافۆرێکە وا لەکاتی هەڵسەنگاندنی توانای چالاکوانانی وۆکیست بۆ کۆنترۆڵی دامەزراوەکان، دەیبینین.

# بەشی دووەم

## هەلومەرجە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی وۆکیزم

سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی وۆکیستی، پێویستی بە هەندیٚ هەلومەرجی کۆمەڵناسانە هەبوو. ئەم هەلومەرجە بە دیاریکراوی لە لایەن برادلی کەمپل و جەیسون مەنینگ، لە بەرهەمێکدا لە ساڵی 2018دا[46] بڵاو کرایەوە. تێرمی "وۆک" لای ئەوان کەمتر بەرچاو دەکەوێت چونکە ئەوان بۆ ئەم دیاردەیە تێرمی "کەلتووری قوربانیخوازیی"[47] بەکاردەهێنن و پێیانوایە پەیوەندییەکی زیاتری بە ڕوانگەی ئەوانەوە هەیە.

### 1. دژ بە کەلتووی شەرافەت و کەرامەت: گەشەدان بە کەلتووری قوربانیخوازیی

بە بڕوای کەمپل و مەنینگ، قوربانیخوازی لەگەڵ کەلتووی شانازی (شەرافەت) و کەرامەت جیاوازە. شەرەف و کەرامەت[48] لە کۆمەڵگای نەریتی و مۆدێرندا باڵادەست بوون. کەلتووری شانازی بۆ بەرگری لە شەرەف بەهایەکی زۆر بە شەرافەتی مرۆڤ دەدات و زۆرجار بۆ پاراستنی تەحەدا و ئاڵنگاریی بەرامبەر دەکات. ئەو نایەویٚ پەنا بۆ یاسا و کەسی سێیەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدات. کەلتووری کەامەت هانی خەڵك دەدات بە شتی لاوەکی هەڵنەچن و گرژ نەبن و تەنیا لە کێشەی زۆر تایبەتدا پەنا بۆ دادگا ببەن. بەڵام بە پێچەوانەوە کەلتووری

قوربانیخوازی، هانی گرژ بوون و دەستێوەردانی کەسی سێهەم دەدات. پێگەی قوربانی پێویستی بە پیرۆزکردنە. بڵاو بوونەوەی تۆمەتی ناڕاست و تاوانی ڕق Hate crime، لەم ساڵانەی دووایيدا (تۆمەتی ناڕاستی ڕقلێبوونەوە) و بەتایبەت لە زانکۆکاندا[49] واقیعێکی کۆمەڵایەتییە. ئەمە ڕۆشنکەرەوەی سەرهەڵدانی ئەم کەلتوورە نوێیەیە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەی دوای ئاشکرابوونی درۆکان و هەڵمالینی چەواشەکان، هیچ لێکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی تۆمەتبەخش بوونی نییە و هەروەها ئەم "فێڵانە"[50] کەسانی تۆمەتبەخش دەخاتە پێگەی قوربانی لەبەردەم پێگەی "باڵادەست"دا. بۆ نموونە جۆناسان پێرکینز، خوێندکاری یاسا لە زانکۆی ڤیرجینیا، دوای ئەوەی ددانی بەوەدا نا کە لە شایەتیدان و گێڕانەوەی توندوتیژی پۆلیس دژ بە خۆی، فێڵی کردووە، پاساوی "پرسی هەڵەکانی پۆلیس" هێنایەوە. لە ئاراستەی ووکیزمدا، بەهای ئامانج (لەم نموونەیەدا یەکسانی کۆمەڵایەتی) بۆ پاساوی ئەم جۆرە کەرەستەیە بەکاردێت. دەبێ ئاماژەی پێ بکەین کە لەم بیرکردنەوەیەدا پۆلیس بە قوربانی دانانرێت. ئەنجامگیری و پرسیاری مەنینگ و کەمپل بۆ ئەم ڕووداوانە ئەوەیە کە: «ئەگەر قوربانیبوون هیچ دەسکەوتێکی نییە، بۆچی ئەم ڕووداوانە ڕوو دەدەن؟» بۆچی کەسێك بە درۆ دەڵێت من قوربانیم، ئەگەر ئەم کارە سوودێکی نەبێت؟ ئەمە پێمان دەڵێت کە قوربانی statut یان پێگەی هەیە؛ لە ڕاستیدا ئەمە واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، فۆڕمێکە لە پێگە.[51]

## 2. گەشەدان بە دەستێوەردانی کەسی سێیەم بۆ لەئەستۆگرتنی سکاڵا

سۆنگەی ئەنجامخوازانەی ووکیزم بەو مانایەیە کە شێوازەکانی تێگەیشتن لە جۆرە هەڵسوکەوتێکی دیاریکراوی خوێندکاران لە ناو زانکۆکاندا، پرسیارە لەوەی ئەوان هەوڵ دەدەن چییان دەست بکەوێ؟ مەبەست لە تۆمەتی درۆ، "زۆنی پارێزراو [safe zone]" و "میکرۆتوندوتیژی" microagressions چییە؟ **جگە لە درووستکردنی قوربانی نوێ بە پێناسەی ستەمی نوێ**. خوێندنەوەی ڕەفتاری هەندێ لە خوێندکاران ئەوەمان پێ دەڵێت کە داوای دەستێوەردانی کەسی سێیەم دەکەن. درالدوینگ سۆ پێناسەیەک بۆ میکرۆتوندوتیژی دەکات کە بۆ ناسینی ئەم دەستەواژەیە زۆر سودبەخشە: «تۆمەتی زارەکی، ڕۆژانە، ڕەفتاری و ژینگەیی، بەمەبەست یان بێ مەبەست کە تاك یان گروپێك دەبێتە ئامانجی تۆمەتی گرژ، سووکایەتی یان نەرێنی لە چوارچێوەی جێندێر، نەژاد، مەیلی سێکسی، یان ئایین.»[52] دەبێ ئەوەش بزانین کە بە پێچەوانەی دەستدرێژی، میکرۆدەستدرێژی (توندوتیژی) پێویستی بە نیەتخراپی نییە. پۆلێبنەدییەکی لەم جۆرە لە خۆیدا توانای ئەوەی هەیە تا بێکۆتا ڕەفتارەکان پۆلێن بکرێت. بۆ

نموونە ئەوکاتەی دەڵێن: "هەموو ژیانەکان گرنگن"[53] all lives matter یان ستایشی ژنێک لەبەر پێڵاوەکانی[54]، هەموویان پێشوەخت لەم پۆلێبەندیانەدا هەن.

خوێندکارانی وۆک سوود لەو تەمومژە کە لەسەر چەمکی میکرۆدەستدرێژی و هۆکارەکانی توندوتیژی و مەترسییەکانی هەیە، بۆ ڕەوایەتیدان بە دەستێوەردانی کەسانی تر وەدەگرن. کەمپل و مەنینگ پێمان دەڵێن: «ئەوکاتەی تاکەکان ئەکاونتەکانی پەیوەست بە میکرۆدەستدرێژی بڵاودەکەنەوە یان بۆ بەڕێوبەرانی زانکۆی دەنێرن، سکاڵای خۆیان دەبەنە لای ئەوانەی ئاگادار نین، بەم جۆرە ئەوان کەسانی دیکە دێننە نێو ململانێکە و هەندێجار ئەمە وەک ڕاگەیاندنی ناچارکردن بە دەستبەکاربوونی کەسانی تر بە کار دەهێنن.»

ئەگەر  ئەو هەڵاواردنەی بەرامبەر قوربانی کراوە بەهێز بێت (بۆ نمونە چەند وشەیەکی وەك دەستدرێژی agression لە خۆبگرێت)، ئەگەری دەستێوەردانی کەسانی تر زیاد دەبێت. ئەگەر زیانەکە لەسەر چینێك لە خەڵك، بۆ نمونە کەمینەیەك، دووبارە بێتەوە، بە هەمان شێوەیە. ئەگەریش دەستدرێژییەکە بە لۆژیکی "سیستماتیك" و کۆی سیستمەکە باس بکرێت، دەستێوەردانی لایەنی سێیەم دەبێتە ناچاری.[55]

هەربۆیە لە زانکۆی ئێکستەر لە ساڵی 2018، ئەوکاتەی گفتوگۆی نەژادپەرستانەی نێوان خوێندکارانی یاسا لە واتسئەپ بڵاوکرایەوە، هەندێك وەك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر باسیان کرد کە کۆی زانکۆ بەدەست ڕەیسیزمەوە[56] دەناڵێنێت. خوێندکارێك کە سکاڵای خۆی لەسەر هاوپۆلەکانی خۆی لە تویتەر بردبووە لای بەرپرسانی زانکۆ، ڕایگەیاند: "زانکۆی ئێکستەر کێشەی جیدی نەژادپەرستیی هەیە و دەبێ زۆر بە پەلە و بەشێوەی دامەزراوەیی چارەسەر بکرێت."[57]

هاوکۆک لەگەڵ کەلتووری قوربانیخوازی، دەستێوەردان زەق دەبێتەوە و ئەم کلتورە بە ئامادەی هەموو لایەنانەکان ڕەوایەتی وەردەگرێت. دووای دوو ڕۆژ، گروپی Exeter Unmasked ڕێپێوانێکی ڕێکخست و داوای لە شایەتی ئەو کەسانە کرد کە دەکرا  قسە یان کرداری نەژادپەرستانەی لە ناو زانکۆیان ئەزموون کردبێت و ڕێکخەران دەیانوت کە دەیانەوێ "کێشەی سیستماتیك"ی بەربڵاوی پشت ئەم قسە و کردارانە ئاشکرا بکەن. «و هەروەها داوای "دیکۆڵۆنیزەکردنی زانکۆ"یان دەکرد».[58] دوای ئەم ڕووداوە، زانکۆ کاردانەوەی خێرای نواند: کومیسیۆنی یاسای براکتۆن کە بەشێك بوو لە خوێندکارانی زانکۆ، هەڵوەشایەوە. پێنج قوتابی لە زانکۆ دەرکران و پۆلیسیش دەستێوەردانی کرد. ئەم کارانە بووە مایەی خۆشحاڵی ئەو خوێندکارەی هەڵگرسێنەری ڕووداوەکان بوو و دوواتریش

برۆکراسی زانکۆی ئیکستەر توانیان هاوکات سوودی خۆیان وەرگرن و کاریگەری خۆشیان زیاتر بکەن، چونکە دوای ئەو ڕووداوە کۆمسیۆنی پرۆفۆست درووست کرد لە پێناو :" کۆمەڵگەیەکی زانکۆیی کراوە، فرەجۆر و پارێزراو."[59]

بەدەر لە ویستی بڵاوکردنەوە یان چڕترکردنەوەی هەڵەیەک، کەسانێك کە نغرۆی کەلتووی قوربانین، دەیانەوێ چوارچێوەیەکی دووانەیی کە تێپەڕینی سادەی مرۆڤەکان (بێلایەنی یان گوێنەدان) لە هەلومەرجەکە دەکاتە مەحاڵ: لێرەدا دەکرێ ڕایەلێک لەگەڵ بیرکردنەوەی ئیبراهیم کەندیدا ببینین : سیاسەتی "ڕەیسیست نییە" و "بێلایەنی" بوونی نییە، چونکە لای وۆکیزم تەنیا دوو لایەنی "ڕەیسیست" و "ئەنتی-ڕەیسیست" بوونی هەیە.[60] ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ نەکەونە نێو ئەم دابەشکارییەوە، ناچارن لایەنێك بگرن و لە بەرژەوەندی کەسێك کە لە پۆلێنی "بندەست"دا پۆلێن کراوە، هەڵوێست وەربگرن.

ستراتیژی بۆ هاندنی دەستێوەردانی لایەنی سێیەم جیاوازە، چونکە سەرچاوەکانی شەرعیەتی لایەنی سێیەم جیاوازن. [جەماوەر] ڕەوایەتی خۆی لە ژمارەوە وەردەگرێت و لەم حاڵەتەدا لە پێناو ڕێکخستنی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دژ بە نایەکسانییەکی گوماناوی یان فشار لەسەر خاوەنکارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستێك کە بڕیارە واژۆ بکرێت. هەر بۆیە ڕەنگە بەسوود بێت کە ("کەلتووری کەنسڵ" یان "کلتووری پوچەڵکردنەوە") وەك جۆرێکی تر لە خواستنی دەستێوەردانی کەسی سێیەم پێناسە بکەین. بۆ نموونە: لێرەدا دەستێوەردانی خاوەنکار بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو گرێبەستەکان، تەنانەت پەیوەندی هاوڕێیانەش لەگەڵ «کارمەندە کێشەدارەکە»ی خۆی بپچڕێنێت. لە بیرمان نەچێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە زۆربوونی ژمارەی لایەنی سێیەم دەدات کە لەخۆیدا یارمەتیدەرە بۆ بەهاناوەچوونی ئەو کەسەی وا قوربانیەکی گریمانەییە. لەم لایەنەوە دەتوانین بپرسین ئایا ئەم بزووتنەوەیە بە بێ بوونی تۆڕە دیجیتاڵییەکان بوونی دەبوو؟

لە زانکۆکاندا، ئەگەرچی سەرنج لەسەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە بەڵام دوواجار ئامانجی سەرەکی دەستێوەردانی ئیدارەی زانکۆیە، هەردوکیان دەبنە تەواوکەری یەکتر؛ هێزی هەشتاگێك کە وادەکات برۆکراسی بێتە نێو کێشەکەوە بەڵام لە هەمان کاتیشدا وروژاندنی بەڕێوبەرانی زانکۆ پێویستی بە ڕوانگەیەکی تایبەتە. وا دەردەکەوێ شاردنەوەی بانگەشەکان لە ڕێگەی پاساوی بابەتییەوە، پاساوێکی دەروونناسانەی گونجاو بێت. کەمپل و مەنینگ ئاماژە بەوە دەکەن ئەوکاتەی گرووپێك لە خوێندکارانی یێل داوایان کرد شاعیرانی "سپی پێست" لە بەرنامەکە دەربکرێن، خواستی خۆیان وەك "پێمان باشە" ("ئێمە پێمان باشە شاعیرانی ناسپی بخوێنینەوە") یان تەنانەت وەك پرسیاری فەزیلەتمەند ("فرەیی ئێتنیکی شتێکی باشە") نەخستەڕوو. بەڵکو بە پێداگری لەسەرئەوەی کە

خوێندکاران ئازار دەچێژن داواکەیان خستەڕوو.[61] مێتۆدی کاریگەر، ئەو کاتەی کەسێك بیەوێ وتاربێژەکە "کەنسڵ" بکات ئەوەیە کە بڵێت "گوتاری ناوبراو مەترسییە" لەسەر خوێندکاران[62]؛ بەمجۆرە دەستێوەردانی بەڕێوەبەرانی زانکۆ بەشێوەیەکی سروشتی، بۆ پارێزگاری لە خوێندکاران، پاساوی خۆی وەردەگرێت.

حاڵەتی زانکۆی ئیکستەر ئەوەمان پێ دەڵێت کە چۆن دەستێوەردانی ئیدارەی زانکۆ، نەك هەر سوودی بڕۆکاتیکتی هەبوو بەڵکوو ستراکچێرێکی نوێی دروست کرد. بەلەبەرچاوگرتنی زیادبوونی کۆمیتەکان، کومیسیۆن و ناوەندە بیرۆکراتییەکانی دیکە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەزانکۆکانی ئەمریکا[63]، لەگەڵ ئەو پۆست و پێگانەی کە موچەکانیان لە مامۆستاکان[64] بەرزترە، ئەم پێکهاتانە بۆ بوونی خۆیان و هەژموونیان لەگەڵ پانتایی تایبەتدا پاساوی کاریگەر دەدۆزنەوە. ووکیزم بەمجۆرە دەبێتە هەلێکی گونجاو بۆ ئەم بوارە.

## 3.ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵایەتی و بیرۆکراتیزەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

لەڕووی لۆژیکییەوە، کەمپل و مەنینگ، بوونی برۆکراسییەکی بەهێز و بەربڵاو بە پێشمەرجێکی دەرکەوتنی کەلتووی قوربانیسازی دەزانن. ئەم برۆکراسییە وەك دەسەڵاتێکی باڵای بە ڕەواڵەت بیلایەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم جۆرە کەلتووره ئەخلاقییە دەبینرێت. ئەم پێکهاتانە بەرەنجامی ئەتۆمیزەکردنێکی کۆمەڵایەتین: ئەم پێوەرە یاساییە نوێیانە بۆ جێگرتنەوە و قەرەبووکردنەوەی لاوازی پەیوەندی خێزانی، کۆمەڵایەتی و ئایینی بەکاردەهێنرێت و هەستێکی کۆیبوون دەبەخشێتەوە.

لاواز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەت،ی دووەمین مەرجە کە کەمپل و مەنینگ دەستنیشانیان کردووە. لە ڕاستیدا دەستێوەردانی لایەنی برۆکراتی و جەماوەر، لە تۆڕێ کۆمەڵایەتی یان لە واقیعدا، ئەوکاتە دەبێتە پێویستییەک کە ئەو کەسانە دڵنیا بن پاڵپشتی چالاکوانانییان نییە. کەمپەینی پەیوەندی قوربانیان، لە کۆمەڵگای بەهێزدا مانای نییە، چونکە پاڵپشتی لەم گرووپە پێشتر مسۆگەر کراوە. ئەم نووسەرانە بەم جۆرە باسی دەکەن: «کەمپەینی پاڵپشتی لە شوێنێکدا دەرناکەوێت کە پێکهاتەی حیزبی لە بەرژەوەندی دۆست و دوژمنی بەهێزدایە، بەڵکوو لە شوێنکدا دێتە ئاراوە کە لایەنی سێیەم پاڵپشتیەکی کەم یان ماتە وەزەیەکی[65] بۆ ئەم بابەتە هەبێت. زانکۆی ئەم سەردەمە کە تیایدا پەیکەربەندی خوێندکاری ساڵانە دەگۆڕێت و بە زۆری لە خێزانەکانیان دوورن، بەتەواوی لەگەڵ ئەم ئەتۆمیزەکردنە کۆمەڵایەتییەدا هاوکۆکە.»[66]

ئەو خوێندکارانەی کە کلتووری قوربانیخوازی بڵاودەکەنەوە، بەزۆری لە دەوڵەمەندترین  چینەکانی کۆمەڵگان و ئەمە هاوپێچێکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین. هاوکۆکییەکی حاشاهەڵنەگر لە نێوان داهاتی بەرزی دایك وباوک و ڕەفتاری ووکیزمدا هەیە؛[67] بۆ نموونە شیکردنەوەی نەوەد حاڵەتی وتاربێژانی ”بانگهێشت(نە)کراو" [شاعێرانی سپی پێست] دەیسەلمێنێت کە ئەو خوێندکارانەی  هاتوونەتە زانکۆ و هەوڵیان داوە ئازادی ڕادەربڕین سنووردار بکەن، لە خێزانێکەوە دێن کە ساڵانە 32000 دۆلار بەراورد بە خوێندکارانی تری ئەمریکا[68] داهاتێکی زیاتریان هەیە و لەسەر ئەو بنەمایەیکە کەلتووی "دەستەبژێر/نوخبە" پێی باشە لەلایەن کەسانێکەوە لاسایی بکرێتەوە کە حەز دەکەن بەشێك بن لەو کەلتوورەش؛ کەواتە پەل دەکێشێت بەرەو هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

یەکێکی تر لە حاڵەتە ناسراوەکان ئامادەبوونێکی فرەجۆریی بەرچاوە بە هەر نرخێک بێت. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی هەڵاواردنێکی ڕاستەقینە یان ڕوواڵەتی بوونی هەبێت، دەبێ بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی زاڵم و مەزڵووم پێناسە بکرێت و بە ئاسانی بناسرێتەوە.[69] لێرەشدا زانکۆکان (ئەمریکی) ئەم پێوەرە ڕەچاو دەکەن. کەمپل و مەنینگ بیرمان دەخەنەوە «لە نێوان ساڵانی 1978 و 2008، ڕێژەی خوێندکارانی سپی پێست لە 82% بۆ 63% کەم بوویەوە؛ بەڵام ڕێژەی خوێندکارانی ئاسیایی، ڕەشپێست و سپانیایی بەرز بوویەوە.»[70] بەرزبوونەوەی فرەیی لە زانکۆکاندا، بە دەر لەوەی کە وەك پێشکەوتنێک لە بواری یەکسانی و دادپەروەری بزانرێت، یەکێکیشە لە حاڵەتە دژیەکەکانی سەرهەڵدانی ئایدیالۆژی ووکیزم. بە بۆچوونی ئەم نووسەرانە، دوواپێوەری کۆمەڵناسانە بۆ سەرهەڵدانی کەلتووری قوربانیخوازی، **ئاستێکی بەرزی یەکسانیخوازییە**، کە جارێکی تر ئەم پارادۆکسە تۆکفیلییە (ئەلێکسی تۆکفیل) دەردەخات: «تا هەڵاواردنی ڕاستەقینە کەمتر بێت، ناڕەزایەتی دژی هەڵاواردنی بەجێماو و وەهمی، زیاتر دەبێت.»

# بەشی سێیەم

## سایکۆلۆژیای ووکیزم

بەرهەمێک کە ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی  ئەم خوێندکارە چالاکوانانە شی دەکاتەوە، نووسراوێکە بەناوی The Coddling of the American Mind کە لەلایەن دوو دەروونناس گرێك لوکیانۆف و جۆناسان هایدت، لە ساڵی 2018دا نووسراوە.[71]

### 1.وەرچەرخانێکی پەروەردەیی: زێدەپاراستن و ئاسایشخوازیی (satesfyism)

وەک پێشتر باس کرا، زۆرینەی ئەو قوتابیانەی لە ووکیزمدا چالاکن، دایک وباوکیان بە تێکڕا لە ئەمریکاییەکانی تر دەوڵەمەندترن. لۆکیانۆف و هایدت ڕۆشنایی دەخەنە سەر خوێندنی ئەم خوێندکارانە. دایک و باوکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا زیاتر لە چینی خوارەوە منداڵەکانیان دەخەنە ژێر چاودێرییەوە. لە چینەکانی خوارەوە، دایك و باوک ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن کاتێکی زیاتر لەگەڵ هاوڕێکانیان بگوزەرێنن، بۆیە ئەم منداڵانە فێر دەبن کە خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. لە چینەکانی سەرەوەدا کەمبوونەوەی کاتی یاری،[72] گەشەی منداڵەکە دەخاتە کێشەوە. ئەم ڕاستییە لە کارەکانی  ژان پیاژەدا[73] ڕوون کراوەتەوە. لە سەردەمی مێرمنداڵی و گەنجیدا، کەسەکان پێویستیان بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە دەستێوەردانی کەسێ سێیەم (لایەنی فەرمی) هەیە.

 ئابوریناس ستیفن هۆرویتز ئەم ئەنجامانەی خستۆتەڕوو: "ڕوانگە و یاساوڕێسای دایکوباوك کە یاریکردنی منداڵان قورستر دەکات، هەڕەشەیەکی جیدییە لەسەر کۆمەڵگا لیبراڵەکان؛ چونکە حەزی ئاسایی ئێمە  دەستکاری دەکەن و لە «دۆزینەوەی چارەسەر لەلایەن خودەوە» دەیگۆڕن بۆ مەیلی «بانگهێشتی پۆلیس یان لایەنی سێیەم.»[74] لەم گۆشەنیگایەوە بروکراسی هەمەلایەنەی زانکۆ دەبێتە جێگرەوەیەکی زیاد لە پێویستی دایکوباوکی منداڵانی چینی دەوڵەمەند.

بەمانایەکی تر، "دایکوباوکی هەلیکۆپتەری"[75]، ئەوانەی کە بەردەوام چاودێری منداڵەکانیان دەکەن، برۆکراسییەکی هەلیکۆپتەری دروست دەکەن و زێدەپاراستنی منداڵان دەبێتە زێدەپاراستن لە ژیانی زانکۆشا. ئەم زێدەپاراستنە دەبێتە هۆی لەرزۆکی و لاوازی و ئەم لاوازییەش خواستی زێدەپاراستنی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە زێدەپاراستن

پرۆسەی خۆبەهێزکردنە و جێی سەرسوڕمانە کە کەلتووری ساختەکراوی ئەم گەنجانە، پاراستن دەکاتە شتێکی پیرۆز. لۆکیانۆف و هایدت دەڵێن کە لە ساڵی 2017 ڕێژەی 58% خوێندکاران ڕایانگەیاند : «گرنگە بەشێك بن لە کۆمەڵگەیەکی زانکۆیی کە (لەبەردەم هەڕەشەی) ئایدیای گرژ و هێرشبەرانەدا نەبێت.»[76] ئەم کەلتووری پاراستنە بەشێوەیەکی هاودژ وامان لێدەکات بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەو کەسانەی کە ڕێزیان ناگرن، قبوڵ بکەین. کەوابوو، بەپێی ڕاپرسییەك کە لەو ساڵەدا ئەنجام درا ئەگەر لە 1% ـی خوێندکاران بڵێن کە ئامادەی بەکارهێنانی توندوتیژیین بۆ ڕێگری لە دەربڕینی خۆیان، 20 تا 30% دەڵێن لایەنی سێیەم ئەو کارەیان بۆ بکات. لەم ساڵانی دواییدا، ژمارەیەکی زۆر لە کەیس کە بە ئەنتی-ووک پێناسەکراون، لەلایەن خوێندکارانەوە بە توندوتیژی هێرشیان کراوەتە سەر و وەک کرداری بەرگری لە خۆکردن پێناسەیان کردووە.[77]

## 2.بەسایکۆلۆژیاکردنی سکاڵاکان

بە سەرلەنوێ فۆڕمەلەکردنی سکاڵاکانیان لە ڕووی سایکۆلۆژیاوەوە، خوێندکاران دەبنە یارمەتیدەری برۆکراسی زانکۆ تا دەستێوەردەکانیان بەیاسایی بکەن. بۆ نموونە چەمکی "ئاگادارکردنەوەی پەلەپیتکە trigger warning" دێتە نێو بواری دەروونناسییەوە. ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بە "کاریگەرییەکانی سیندرۆمی سترێس لە قوناغی دوای-تراوما SSPT" کە «دۆخێکی دەروونییە کە پێشووتر تاکەکان هەلومەرجی زۆر توندیان ئەزموون کردووە و ئێستا دەبێتە هۆی هەندێك قەیرانی پانیك و فلەش-بەك flash-back کە ڕووداوە تراوماتیکەکان زیندوو دەکاتەوە. پەلەپیتکەیەك/چرکاندنێک دەبێتە ئەزموونێك بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەم سیمپتۆمانە.»[78] بۆ نمونە سەربازێکی تراوماتیزەبوو دوای بینینی فیلمێك لە ژانری شەڕ، تووشی قەیرانی SSPT دەبێت: پێشبینیکردنی ئەوەی کە دیمەنێکی ناو فیلم، بڕگەی کتێب یان وشەیەک کە وادەردەکەوێت چرکاندێك/پەلەپیتکەیەك[79] بۆ ڕاگرتنی کاتی قەیرانێك، بەڵام هەندێک جار پەلەپیتکەکانی هۆشداریدەر تواناییان هەیە لە هەندێک دڵەڕاوکێ زیندوو بکەنەوە.

ئەم باسە کە لە سەربازە زەبردیتووەکاندا دەخوێنرێتەوە، کار دەکات. ئەم چەمکە وەک زۆر چەمکی تر، پانتایی بەکارهێنانەکەی فراوان و پێناسەکردنەکەشی دژوار بووە. کەواتە Prime Video پەلەپیتکەی ئاگادارکردنەوە بەکاردەهێنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی بینەران بە تایبەت ئەوکاتەی تەماشای زنجیرەیەکی Mad Men[80] دەکەن. بەرهەمەکانی "مێتامۆرفۆسی ئۆڤید" یان "گەتسبیی گەورە"ش مێتۆدی هۆشداری پەلەپیتکە/چرکاندن[81] بەکاردەهێنن. ئەم پەرەسەندنە لەلایەن نیك هاسلام وەك چەمکی creep ناودەبرێت، کە دەتوانین بە "گۆڕانکاری چەمکی"[82] وەری بگێڕین. بۆ نموونە، لە زانکۆکان زاراوەی "ئاسایش" لەم چەند ساڵەی پێشوودا بووە بە "ئاسایشی

هەستەکی"[83] و خوێندکارێك دەگرێتەوە کە بە ڕاناوێکی ڕوون ناناسرێتەوە (she, he, her, his, ...) و باینەری/ دوانەیی نین و دەتوانن بۆ ئەو کاتە لە "مەترسیدا"[84] بن. چەمکی "تراوماتیزم" نموونەیەکی دیکەی ئەم باسەیە: سەرەتا زۆر ئاستەم دەردەکەوت، کورتکرایەوە و 1980 بەدوواوە بەرەو مانایەکی سابجێکتیڤ کشا. لای هاسلام، چەمکەکان دەتوانن هاوکات بە شێوەیەکی ستوونیش بکشێن، تا بتوانن هەلومەرجی کەمتر بگرنە خۆ و هەروەها دەشتوانن ئاسۆیی بکشێن، بۆ ئەوەی دیاردەی پەیوەندیدار بەڵام جیاواز لەخۆبگرن. بەڵام نابێ لە بیری بکەین کە چەمکەکان ڕەوایەتی خۆیان و درکەوتنی ئابجێکتیڤ/بابەتی خۆشیان دەپارێزن. ئەمەش زۆر گرنگە چونکە دەبنە چەکی زاراوەیی سامناک.

## 3. لەبەردەم سکرینەکاندا، کێشە سایکۆلۆژیکەکان و ووٚکیزم

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش کورتکردنەوەی چەمکە سایکۆلۆژیکەکان بۆ ستراتیژییەکی ساکار کە خوازیاری دەستێوەردانی بیرۆکراتی زانکۆیە، هەڵەیە. لە ڕاستیدا هەموو شتێک ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندییەك لە نێوان کێشەی دەروونی و ووٚکیزمدا هەیە. لۆکیانۆف و هایدت بیرمان دەخەنە کە باوبوونی ووٚک لە زانکۆکاندا هاوکاتە لەگەڵ ئەوسالەی کە "iGeneration (1995+)" هاتە نێو زانکۆکانەوە. ئەم نەوەیە بەوە ناسراوە کە لە جیهانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەردەم سکرینە جۆراوجۆرەکاندا گەورە بووە. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کچانی ئەو نەوەیە هەبووە کە لە دووای هاتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئاسانتر گیرۆدەی خەمۆکی بوون. (لە ساڵی 2018، لە حەوت کچ یەك کچ لە زانکۆکانی ئەمریکا پێی وابوو کە بە دەست کێشەیەکی دەروونییەوە دەناڵێنێت). «بەپێی ڕاپۆرتێك لە دەستپێکی 2000، ئێستا دوو هێندە خۆکوژی لەناو کچاندا زیاتر بووە.»[85] ئەم وێنەیەی خوارەوە دەیسەلمێنێ کە سپی پێستبوونی ئەمریکی، پێشکەوتنخواز (لیبراڵ) ، گەنج، ژن، دەتوانێ لەخۆیدا ببێتە هۆی گیرۆدەبوون بەکێشەی دەروونی.




ڕەنگە بکەوینە ناو کەڵکەڵەی ئەوەی کە درزی نێوان "لیبراڵ" [86] و "کانسێرڤاتیڤ" بەم گریمانەیە ڕوون بکەینەوە کە پەروەردەی چەپ زیاتر قەیرانە دەروونییەکانی خۆیان قبوڵ دەکەن و بۆ چارەسەرکردنی دەگەڕێن، بەڵام ئاماری ترسناکی خۆکوژی کچانی گەنج لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەکدا هاوکۆک نییە و ناشتوانێ ئەو کەلێنە قووڵە جێندێرییەی نەوەی نوێ ڕوون بکاتەوە.

کەسانی خەمۆك و چالاکوانانی ووکیزم بەڵگاندنی هاوشێوەیان هەیە. حەڤدە دانە "لاسەنگی ناسینی" (یان "biais cognitifs") کە لەلایەن لۆکیانۆف و هایدت پۆلێن کراون و بەشێوەی بەردەوام لە کەسانی خەمۆکدا دەبینرێن. بە ڕاشکاوی لەلایەن چەمک و چالاکوانانی پەیوەست بە ووکیزمەوە هان دەدرێت.[87] مەیل بۆ گشتاندن، "تێگەیشتن لە پەتێرنێکی نەرێیی گشتی لە یەك ڕووداوەوە" لە ویستی ئەوان بۆ لەسەر ڕووداوێکی تایبەت (گرووپێکی نەژادپەرست لە واتسئەپ) بۆ ئەنجامگیرییەکی خێرای واقعێکی زیانبەخش. بیرکردنەوەش بەشێوەیەکی دووانەیی/باینەری بەشێکی دیکەیە لەم باسە، هەروەها ویستی "فیلتەری نەرێیی"، بەمانای ئەوەی کە جەخت لەسەر واقیعە نەرێییەکان (نێگەتیڤ) دەکەنەوە بەبێ ئاماژەکردن بە بابەتی "ئەرێیی" (پازێتیڤ). ئەگەرچی ڕەنگە هەندێك لەم وەسفانە بۆ سەرجەم چالاکوانەکانی بوارە جیاوازەکان ڕاست بێت، بەڵام چالاکانی ووکیست پێوەرەکان بەباشی ڕەچاو دەکەن، تا هاوکۆکییەکە بێتەدی.

ئایا بیرکردنەوەی وۆك ئەم كێشانە پێش دەخات یان ئەوە كێشەكانن كە بەرەو "بیرکردنەوەی وۆك" دەچن؟ مەنینگ و کەمبل ئاماژە بەوە دەکەن، ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین کە کەمپەینکردنی بەرچاو و پڕ لە هەراوزەنا (لە پێناو ڕێگری لە "دیارنەمانی" کەمینەکان) لەلایەن دەسەڵاتی زانکۆوە، لەسەر بابەتی میکرۆدەستدرێژی لە کەمپەکانی زانکۆ، **خوێندکارانی زانکۆ هان دەدات ئەم بەڵارێدابردنە ناسینییە**، ئەزموون بکەن. لای لیندزی و پلاکرۆس، "سێ درۆی گەورە"ی وۆکیزم بوونی هەیە: «هەرشتێك كە ناتكوژێت لاوازترت دەكات»[88]، «هەمیشە متمانە بە هەستەكانت بكە»، «ژیان شەڕی نێوان میهرەبان و دێوەزمەکان»؛ کە دەبێتە هۆی مەترسی مێنتاڵیتەی نەرێییخواز (نێگەتیف)، پارانۆیا و خۆ-وێرانکردن.[89]

## بەشی چوارەم

## لێکەوتە تاکەکەسییەکانی وۆکیزم

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو لێکەوتانەی کە ئایدۆلۆژی وۆکیزم لەسەر هەڵگرانی ئەم ئایدیالۆژیایە، هەیەتی، خێرا دەزانین کە ئەم کەسانە بەرەو مەترسی ڕادیکاڵیزەبوون و قوفڵبوون لەناو یەقینەکانیان دەڕۆن.

### 1.تۆخبوونەوەی قەیرانە سایکۆلۆژیکەکان

خوێندنەوەکانی پەیوەست بە بێتوانایی/کەمئەندامی Disability Studies، کە کێشەی دەروونییەکان وەک شوناسی کەمینەیی ستایشکراو دەناسێنێت، دەتوانێ پێشنیار ئەوە بۆ لایەنگرانی بکات کە واز لە دەرمان و چارەسەر بهێنن. پلاکرۆس و لێندسی ئاماژە بەوە دەکەن «دەتوانێ کەڵکەڵەی زیاتر کەمتوانابوون (handicapé) درووست بکات، لەبری بێتوانایی کەمتر و سەرنجی لەڕادەبەدەر لەسەر بێتوانابوون. ئەمەش لەو کاتەدا زیاتر مەترسییە کە ئەو کەسە بتوانێ خۆ-دەستنیشانکردنی هەبێت و بێ گەڕانەوە بۆ دکتۆر و کەسانی پسپۆڕ، خۆ بە بێتوانا بزانێت.»[90]

هەر بۆیە هاوکۆك لەگەڵ ڕێژەخوازی زانستی کە بۆچوونی زانستی بە بەرهەمی بەرژەوەندی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت، ئەم کەسانە لەناوخۆیاندا هانی یەکتر دەدەن خۆیان دەستنیشان (دیاگنۆستیك) بکەن. ئەگەر لە ئێکس (توویتەر) بنووسین autodiag، هەژماری زۆرمان لە فەڕانسا بەرچاو دەکەوێت کە لە

وردەکارییەکاندا ئەم وشەیان نووسیوە و دەیسەلمێنێت کە ئەم دیاردەیە زۆر بەربڵاو بووە و بە ئەگەری زیاتر، کچان زۆرتر لەبەردەم مەترسیدان، کە هاوکات بەشداری زیاتری ژنان لە ووٚکیزمیشدا دەسەلمێنێت.

لە ساڵی 2015دا، هەردوو دەروونناس گرێك لۆکیانۆف و جۆناسان هایدت، باسی ئەوە دەکەن کە گشتاندنی بابەتی میکرۆ-دەستدرێژی، دەبێتە هۆی زۆرتربوونی **بەلارێداچوونی ناسینی**، کە هۆکاری خەمۆکی[91] و دڵەڕاوکێن. ئەو کەسانەی کە بە میتۆدی تێراپی ڕەفتاری-ناسینی (cognitive behavioral therapy) چارەسەری کەسەکان دەکەن، بە ڕێگەی ناسینی ئەم بەلارێدابردنانە و ڕێککردنەوەیان ئەو کارە دەکەن؛ ووٚکیزم بە پێچەوانەوە کار دەکات، کەمپل و مەنینگ بیرمان دەخەنەوە کە "زۆربوونی تاوانی بچووک، هەڵسەنگاندنی چەمک و ڕەنگدانەوەیان بۆ پێناسەکردنی ئەو ئاگاییەی کە کەسی زاڵم نایزانێت و هاوکات مۆرکلێدان لەو کەسانە بەناوی دەستدرێژیکەر دەناسرێن، بەشێکە لە بەرنامەی میکرۆ-دەستدرێژی کە تەندروستی دەروونی دەخاتە مەترسییەوە.»[92]

ئەم پرۆسەیە بۆ هەڕەشەی پەلەپیتکەش یەکسانە، لای لۆکیانۆف و هایدت «خۆبواردن لە پەلەپیتکە/چرکاندن [trigger سیمپتۆمی (سەندرۆمی دڵەڕاوکێی پۆست-تراوما)یە نەك چارەسەر.»[93] توێژینەوەیەک وا لە ساڵی 2018دا بڵاوکرایەوە، پێمان دەڵێت کە پەلەپیتکەی هەڕەشە trigger warnings دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی پێچەوانەی لێ بکەوێتە و «ڕەنگە بێ ویستی ئەو کەسانە، هەندێ لایەنی بەرگەگرتنی هەستەکی، لاواز بکەن» و «ببێتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ لەو ئاستانەی کە بە مەترسیدار دەزانرێن.»[94]

ئەم پرۆسانە (بۆنموونە چاودێری و پاراستنی زیاد لە پێویست کە لاوازی زیاتر دەکات) چ لەبەردەم بە ڕۆژانەییکردنی میکرۆ-دەستدرێژی و چ بۆ هەڕەشەی پەلەپیتکەیی، وادەکات مەیلی خۆڕاگری زیاتر بێت و ئەمە بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانەی لایەنگری ووٚکیزمن، لە ڕووی دەروونییەوە ئاستەمە.

## 2.پلانگێڕی بۆ بڵاوکردنەوەی نالێبوردەیی لەبەردەم ڕای جیاوازدا

ئەم واقیعە لەگەڵ ڕەهەندی پلانگێڕی ووٚکیزمدا زیاتر خۆی دەردەخات. لە بیرکردنەوەی هەندێ لە بیرمەندانی بێتوانایی ستادی، ئەوە "سیستمەکە"یە کە وادەکات کێشە دەروونییەکان وەك "نائاسایی" دابنرێن و ئایدیای زیانبەخش بڵاو دەکەنەوە. یەکێك لە چالاکوانانی ئەم بوارە دەڵێت: «من لەو باوەڕەدا نیم کە دەبێ دەسەڵات بدەینە دەست پیشەسازی پزیشکی کە بڵێت ئۆتیستیکە و کێ وا نییە.»[95] ئەم لۆژیکی "سیستماتیك"ـە لە

پرۆگرامی ووۆکیزمدا، لە هەموو جێگایەک هەیە. بۆ نموونە پییەر ئەندرێ تاگییەف ئەو نابەرپرسیارکردنەی کە ئەم بیرکردنەوە ڕێی بۆ خۆش دەکات، بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە کە تاکەکان دەخرێنە ژێر فشارەوە تا شکستەکانی خۆیان بەدەرەکی بکەن و "سیستمەکە" بە بەرپرسیار بزانن: «تاك خاڵی دەبێتەوە لە بەرپرسیارێتی، "سیستم" لای ئەوان هەموو شتێك بەڕێوە دەبات، بیرکردنەوە، هەستەکان و کرداری تاکەکەکان، وەك بوکەڵەی سادە.»[96] لای پلاکرۆس و لێندسی، ووۆکیزم بریتییە لە «تیۆری پلانگێڕی بەبێ بوونی پلانگێڕەکە.» چونکە وێنای بۆ کۆمەڵگا ئەوەیە پەیوەندییەکان دەسەڵات بەڕێوەی دەبات کە دیسکۆرسەکان لە هەموو ئاستەکاندا ڕایدەگرێت.[97] ئەمە لۆژیکی هەموو بیرکردنەوەیەکی پلانگێڕییە کە تیایدا ڕای جیاوازی بەڵگەمەند و نیەتباش، پێشوەخت ڕەد دەکرێتەوە. "سەردەست" ئەگەر هاوڕا نەبێت، ساویلکە و نەزانە، چونکە لە کۆمەڵگایەکی خۆرئاوایی نەژادپەرست و سێکسیست گەورە بووە و دەژی و هاوکات وەک ماسییەک لەو ئاوە تێناگات کە مەلەی تێدا دەگات؛ لەو خراپە (le mal) تێناگات کە لێوەی سەرچاوەی گرتووە و پەرەی پێ دەدات. لە ئاستی گرژتردا، پێی دەڵێت کە ئەو قسانە ستراتیژین بۆ پاراستنی هەژموونی دەسەڵات. هەر بۆیە ئێمە دەبێ لە ڕێگەی "سایکاتریزاسیۆن [دەروون-پزشکانەکردن]"و " پاسۆلۆژیزاسیۆن [خەسارناسانەکردن]" ـی ئەم ناکۆکییە تێبگەین کە لە لایەن نووسەر مەتیو بۆككۆك باس کراوە[98]، کە ئێمە دەتوانین پێچەوانەبوونەوەی ئەمە لە زۆربوونی هێرشی زارەکی بە پاشگری "فۆب phobe" ببینین.

لە بەرامبەر ووۆکیزمدا، ئەگەر ئەندامێکی "سەردەست" ناڕەزایی دەربڕی، تۆمەتبار دەکرێت بە گیرۆدەبوون بە سەندرۆمی ستۆکهۆڵم، کە دۆگماکانی سیسستم دەسەڵاتی لە خۆیدا دەروونی کردووە، تا ئەو جێگایەی کە چیتر توانای وەڵامدانەوەی نەمێنێت. کەوابوو ژنێک کە هاوکۆک نییە لەگەڵ تیۆرییەکانی ووۆکیزمدا، پێی دەڵێن بە ئەگەری زۆر لە دەروونی خۆیدا دژەژنە، هەروەها ڕەشپێستێک کە نەبووە بە ووۆک (وشیارنەبووەتەوە)، نەژادەپەرستی چینی باڵادەستی لە خۆیدا دەروونی کردووە. لێرەدا، ئارگیۆمێنتی بەڵگەمەندی و (ad hominem) تێکەڵ دەبن و ڕوو لە هەر جێیەك بكات، ووۆکیزم تەنیا پێداگری لەسەر تیۆرییەکانی خۆی دەکاتەوە.

## 3.تیۆریی ڕەدنەکراوە، ئاراستەی پشتڕاستکردنەوە و بەڵگاندنی بازنەیی

لێرەشدا، وەک هەموو بەڵگاندنێکی پلانگێڕی، ووۆکیزم دەڵێت ڕەد ناکرێتەوە. بۆ نموونە، ئەوکاتەی کەسێکی ڕەشپێست بە "لەرۆزکی سپی (White Fragility)" تۆمەتبار دەکرێت (چەمکێك کە لەلایەن ڕۆبین دی ئەنجێلۆوە

پەرەی پێدراوە) و لە ئاکامدا بۆ «نارەزایی دەرەکی، هەستی تورەیی، ترس و گوناه، رەفتاری وەك چەلەحانێ، بێدەنگی و ...»[99] کە لەڕاستیدا ئازارە، بدوێ یان نا، مەحاڵە کەسێکی سپی پێست خۆی لە تۆمەتباربوون بدزێتەوە.

هاوکۆك لەگەڵ ئەمە، چالاکی بواری نەژاد، ئالی هێنی، تاقیکردنەوەیەکی لە فەیسبووک پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێ بە وەڵامدانەوەی شانزە پرسیار خۆی بخاتە بەردەم ئانالیزی "لەرزۆکیی سپی". بۆ نموونە: «ئایا چاوەڕێم داوای لێبوردنم لێ بکەن ئەگەر بە هەڵە بکرێم بە ڕەیسیست؟» یان «ئایا دەبێ بیسەلمێنم کە ڕاسیست نیم؟» ئەو دەڵێ: "ئەگەر وەڵامەکەتان بۆ ئەو دوو پرسیارە"بەڵێ"یە، کەواتە کاریگەری "لەرزۆکی سپی" یتان لە دەرووندایە.»[100]

پلاکرۆس و لێندسی، ئاماژە بەوە دەکەن کە «هەستی نەرێیی بەرامبەر بە باسی نەژادی و خۆدوورگرتن لە بەرپرسیارەتی لە نێو کۆمەڵگای نەژادپەرستدا، نیشانەی "لەرۆزکی"یە (یان جۆرێک بەشداریکردنە لە ڕاسیزمدا).»[101] بەمانایەکی تر کاردانەوە بۆ هەرکام لەم پۆلێنبەندییانە خۆی دەبێتە پۆلێنێك. جارێکی تر دووبارەی بکەینەوە کە "تیۆرییەکانی ڕەیس [نەژاد]" پێویستی بە ڕەیسیست نییە. کەواتە ئەگەر کەسێک ڕاستگۆیانە لە خۆی بپرسێر "ئایا من نەژادپەرستم؟" ناتوانێ بەوە خۆی بپەڕێنێتەوە کە کاری نەژادپەرستانەی نەکردووە و بڵێ نا. ڕەنگە ئەو، بێ ئەوەی خۆی بزانێ، لە بەهێزکردنی سیستمێکدا بەشدار بێت کە پەرە بە نەژادپەرستی بدات یان بۆ خود تاوانبار بێت. لە کۆنفراسێکی ساڵی 2019دا، داوایان لە ئیبراهیم کەندی، بیرمەندی بواری ووک کرد کە پێناسەی ڕەیسیزم بکات: لە وەڵامدا وتی «من وەك چوارچێوەیەک یان سیاسەتێکی نەژادخوازانە پێناسەی دەکەم کە نایەکسانی نەژادی لێ دەکەوێتەوە. لەسەر بنەمای ئایدیایەکی نەژادپەرستانە.»[102] ئەم پێناسەیە کە جاری دووەم نەژادپەرستی دووبارە دەکاتەوە، بەتەواوی بازنەییە.

یەکێک لە پێشمەرجە گفتوگۆهەڵنەگرەکان لە نێوان بیرمەندانی «تیۆری ڕەخنەی نەژاد،»کە "ئیبراهیم کەندی" بەرگریی لێدەکات، ئەوەیە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا نەژادپەرستی ڕووی داوە. لە ساڵی 2015دا چەند لێکۆڵەرێکی ووک(لە ناویادا رۆبین دی ئەنجێلۆ) وتی: «پرسیار ئەوە نییە کە ئایا نەژادپەرستی ڕووی داوە؟ بەڵکوو ئەوەیە کە نەژادپەرستی لەم هەلومەرجەدا چۆن خۆی نیشان داوە؟»[103] کاتێ ئەم گریمانەیە سەلما(ئیتر ناخرێتەوە بەرباسی بەم لۆژیکە) ئەم باسە دێتە ئاراوە کە نەژادپەرستی لەو دۆخەدا چۆن دەرکەوتووە؟ ئایا بە وشەیەك، نیگایەك، تۆنێك یان شتێك، خۆی نیشان دا؟ لەم بوارە توێژینەوەییەدا چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان و توێژەران، پێگەی ئاکادێمیکی، میدیایی و پارەیان بەستراوەتەوە بەمەوە و هەربۆیە داهێنانی خۆیان دەکەنە

دووبەرامبەر. بۆ نموونە، ڕۆژنامەنووسێکی بریتانی، ئەندرۆ دۆیل، کە کەسایەتییەکی تەنزی بەناوی تیتانیا مەکگراس Titania McGrath لە توویتەر[104]، داهێنا، خۆی بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو شتانەوە سەرقاڵ دەکات کە پێشتر لە ژێر ناوی "ڕەیسیزم" (یان وەك ئەنجامی ڕەیسیزمی سیستماتیك) پۆلێن کراون. لە ناو 144 بابەتدا، ئێمە "ماسی، گۆڕانکاریی کەشوهەوا، تەنانەت دانەوێڵەش" دەبینین. ئەو کاتەیش دەرئەنجامەکانی لە کەشێکی بێئارگیۆمێنتدا "کەشف" کران، کەواتە گریمانەی بەهێز ئەوە دەبێت کە بەڕاستی نەژادپەرستی ڕووی داوە. کەوابوو کەسێک کە پابەندە بەم تیۆرییانەیە، دیسان شانسی ئەوەی لێ دەسێندرێتەوە کە لێی دەرباز ببێت.

---

سەرچاوە: https://www.fondapol.org/etude/lideologie-woke-1-anatomie-du-wokisme/

پییەر ڤاڵۆنتا (Pierre Valentin)

"پییەر ڤاڵۆنتا" توێژەر لەبواری فەلسەفە و زانستی سیاسی لە زانکۆی پاریس دوو. ڤاڵۆنتا یەکەم توێژەرە لە وڵاتی فەڕانسا کە لێکۆڵینەوەی لە دیاردەی ووکیزم لە ساڵی (٢٠٢١) کردووە و تا ئێستا دوو کتێبی لەو بوارەدا نووسیوە. کتێبی توێکاری ووکیزم و کتێبی تێگەشتن لە شۆڕشی ووک، چاپکراوی گالیمار.

- L’idéologie woke. Anatomie du wokisme (1)
- Comprendre la révolution woke.

هەروەها لەبواری ئایدیالۆژیای ووکیزمدا خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی کۆمەڵناس و توێژەرانی فەڕانسی وەک:

- Jean François Braunstien, la relegion woke.
- Natalie Hienich, Le Wokisme Serait-il un totalitarisme.
- Sylvie Perez, En finir Avec le wokisme.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


Douglas Murray, The Madness of Crowds. Gender, Race and Identity, Bloomsbury Publishing, 2019, p. 128-132. 1

2

Elijah C. Watson, « The Origin Of Woke: How Erykah Badu And Georgia Anne Muldrow Sparked The “Stay Woke” Era », okayplayer.com, 2018.

Stay Woke: The Black Lives Matter Movement, réalisation Laurens Grant, 2016. 3

Marc-Olivier Bherer, « Ne soyez plus cools, soyez “woke” », lemonde.fr, 3 mars 2018. 4

Qu’est-ce que le woke ? 2. Les origines », ctrlzmag.com, 25 février 2021 » 5

Mathieu Bock-Côté, La Révolution racialiste et autres virus idéologiques, Presses de la Cité, 2021, p. 72. 6

L’ouvrage Cynical. 7

8

Alan Sokal et Jean Bricmont, Impostures intellectuelles, Odile Jacob, 1997 ; 2e éd., 1999 (disponible en format poche, Odile Jacob, 2018.

9

Alan Sokal et Jean Bricmont, Impostures intellectuelles, Odile Jacob, 1997 ; 2e éd., 1999 (disponible en format poche, Odile Jacob, 2018.

Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p.30. 10

Ibid. 11

12

Michel Foucault, Surveiller et punir [1975], in Œuvres, II, Gallimard, « Bibliothèque de la Pléiade », 2015, p. 288-289.

13

Jacques Derrida, « Signature, événement, contexte », communication au Congrès international des Sociétés de philosophie de langue française, Montréal, août 1971, p. 19. Le même thème est également exploré dans son ouvrage d’entretiens Positions, Éditions de Minuit, 1972.

le point d'ancrage. 14

Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 40. 15

16

Pierre-André Taguieff, L'Imposture décoloniale. Science imaginaire et pseudo-antiracisme, Éditions de l'Observatoire, 2020, p. 52.

Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 42. 17

Intersectionnalité. 18

Mary Poovey, « Feminism and Deconstruction », Feminist Studies, vol. 14, n° 1, été 1988, p. 51-65. 19

réifié. 20

critical race theory. 21

22

Heather Bruce, Robin DiAngelo, Gyda Swaney (Salish) et Amie Thurber, Between Principles and Practice: Tensions in Anti-Racist Education, Race and Pedagogy National Conference, University of Puget Sound, septembre 2014.

Pierre-André Taguieff, op. cit., p. 132. 23

l'Autre. 24

l'idéal de fluidité. 25

Cité in Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 95. 26

colorblind. 27

Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 120. 28

Ibrahim X. Kendi, Comment devenir antiraciste, trad. Thomas Chaumont, Alisio, 2020, p. 19. 29

Kimberlé Crenshaw, « Mapping the Margins: Intersectionality, Identity Politics, and Violence against Women of Color », Stanford Law Review, vol. 43, n° 6, juillet 1991, p. 1241-1299. 30

Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 155. 31

disability studies. 32

validisme. 33

Ibid., p. 166. 34

یەکێك لە هەڵەکانی ئارگۆمێنسازی بۆ بەلارێدابردنی باسی بنەڕەتی، بۆ نموونە لەبری قسەکردن لەسەر پرسێك هێرش بۆ سەر نیەت و کەسایەتی دەکرێت و...هتد. 35

cohérence. 36

Voir Eve Kosofsky Sedgwick, Épistémologie du placard [1991], Éditions Amsterdam, 2008. 37

essentialisme stratégique. 38

39

Cité in Alan Sokal, Pseudosciences et Postmodernisme. Adversaires ou compagnons de route ?, Odile Jacob, 2005, p. 111.

xénophilie sélective. 40

Pierre-André Taguieff, op. cit., p. 41. 41

Houria Bouteldja, « Élisabeth, va t'faire intégrer », indigenes-republique.fr, 16 septembre 2009. 42

43

Breanne Fahs et Michael Karger, « Women's Studies as Virus: Institutional Feminism, Affect, and the Projection of Danger », Géneros, vol. 5, n° 1, février 2016, p. 929-957.

parasitologie, virology. 44

45

Jacques Derrida, in Peter Brunette et David Wills, « The Spatial Arts, an interview with Jacques Derrida », in Peter Brunette et David Wills (dir.), Deconstruction and the Visual Arts. Art, Media, Architecture, Cambridge University Press, 1994, p. 12.

46

Bradley Campbell et Jason Manning, The Rise of Victimhood Culture. Microaggressions, Safe Spaces, and the New Culture Wars, Palgrave Macmillan, 2018 [les passages de cet ouvrage cités dans cette note sont des traductions proposées par l'auteur].

la victimisation. 47

la culture de l'honneur et la culture de la dignité. 48

49

Eric Owens, « Police say 28-year-old undergrad threatened herself with rape in Facebook hoax », dailycaller.com, 1er mai 2013.

Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 113. 50

Ibid., p. 106. 51

Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 3. 52

53

Adam Nicholas Phillips, « #BlackLivesMatter: why we need to stop replying all lives matter », sojo.net, 4 décembre 2014.

Robert Shimshock, « UNC claims Christmas vacations, golf outings are microaggressions ». 54

Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 41. 55

56

https://www.independent.co.uk/news/education/education-news/exeter-university-students-racist-whatsapp-suspended-facebook-law-society-investigation-a8264756.html.

57

Eleanor Busby, « Exeter University law students suspended over "racist" WhatsApp messages », independent.co.uk, 20 mars 2018.

58

Jamie Hawkins, « Rally to take place at Exeter University today after racism scandal », devonlive.com, 22 mars 2018.

Eleanor Busby, art. cit. 59

60

Ibram X. Kendi says we are either being racist or antiracist, there is no middle ground », cbc. ca, 15 février 2019. »

61 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 86.

62 Ibid.

63

« The Reason Behind Colleges' Ballooning Bureaucracies », theatlantic.com, 6 octobre 2016, ainsi que Greg Lukianoff, Unlearning Liberty. Campus Censorship and the End of American Debate, Encounter Books, 2014.

64

Wendy McElroy, « Administrative Bloat on Campus: Academia Shrinks, Students Suffer », jamesgmartin.center, 6 ,juin 2017, ainsi que Andrea Vacchiano.

65 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 53.

66 Ibid.

67 Ibid.

68

Richard Reeves et Dimitrios Halikias, « Illiberal Arts Colleges: Pay More, Get Less (Free Speech) », realclearmarkets.com, 14 mars 2017 [traduction de l'auteur]..

69 یەکێك لە کێشەکان لە دیاریکردنی پێوەرێك بۆ ئەم باسە ئەوەیە کە چالاکوانانی ووٚك، وەکچۆن لە فەت ستادی و بێتوانایی ستادیدا دەیبینین، "دروستکردنی فرەییە". هەربۆیە ئەوانەی خۆیان وەك ئۆتیست دەناسێنن، دەتوانن خۆیان لە دەرەوەی نۆرم بزانن و داوای "هەڵاواردنی ئەرێنی" بۆ خۆیان بکەین. لە ڕێزبەندی بواری تێکەهەڵکێشدا دەبینین کە سنورێك بۆ ئەم بابەتە بوونی نییە. پەیوەست بەمە لە بابەتی هەڵاواردنی نەژادیدا کە یەکێکە تاقەتپڕوکێنەرترین بابەتەکان لە ڕووی کاتەوە بۆ سەلماندن، و هەروەها بواری فرەیی ئێتنیکی کە سەلماندنی ئاسانترە، ئەم پێوانەیە بە بەهێزی خۆی دەمێنێتەوە.

70 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 62.

71

Greg Lukianoff et Jonathan Haidt, The Coddling of the American Mind. How Good Intentions and Bad Ideas Are Setting Up a Generation for Failure, Penguin Press, 2018.

72 https://www.slate.fr/story/92831/enfants-sortir

73

Jean Piaget, La Formation du symbole chez l’enfant. Imitation, jeu et rêve, image et représentation, Delachaux & Niestlé.

74

Steven Horwitz, « Cooperation over Coercion: The Importance of Unsupervised Childhood Play for Democracy and Liberalism ».

75 les helicopter parents.

76 Greg Lukianoff et Jonathan Haidt, op. cit., p. 48.

77 Ibid., p. 94-95.

78 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 75.

80

Rosy Cordero, « Mad Men finds new streaming home, and it’ll debut with a blackface warning », ew.com, 1er juillet 2020.

81 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 76.

82

Nick Haslam, « Concept Creep: Psychology’s Expanding Concepts of Harm and Pathology », Psychological Inquiry, vol. 27, n° 1, février 2016, p. 1-17. Cité in The Coddling of the American mind, op. cit.

83 Jonathan Haidt et Greg Lukianoff, op. cit., p. 24.

84 Ibid., p. 25.

85 Ibid., p. 150.

86 لە ئەمریکا بە گشتی لیبراڵ هاوماناى چەپ دێت، ئەگەرچی مەرج نییە هەموو چەپەکان، سەر بە ووکیزم بن، بەڵام سێ بژاردەی ڕاپرسییەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە خۆیان لەو چوارچێوەیەدا دەبیننەوە.

87 Jonathan Haidt et Greg Lukianoff, op. cit., p. 277.

88 ئەم دێڕە پێچەوانەکردنەوەی دێڕە بەناوبانگەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی فرێدریك نیچەیە کە دەڵێ: ئەوەی نامکوژێ، بەهێزترم دەکات.

(Le Crépuscule des idoles, trad. Henri Albert, partie « Maximes et flèches », §8, in Œuvres, t. II, Robert Laffont,coll. « Bouquins », 1993, p. 950), afin de parodier leur désir de surprotection.

89 Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p 132.

90 Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 171.

91

Greg Lukianoff et Jonathan Haidt, « The Coddling of the American Mind », theatlantic.com, septembre 2015.

92 Bradley Campbell et Jason Manning, op. cit., p. 9.

93

Greg Lukianoff et Jonathan Haidt, The Coddling of the American Mind. How Good Intentions and Bad Ideas Are Setting Up a Generation for Failure, Penguin Press, 2018 p. 29.

94

Benjamin W. Bellet, Payton J. Jones, Richard J. McNally, « Trigger warning: Empirical evidence ahead », Journal of Behavior Therapy and Experimental Psychiatry, vol. 61, décembre 2018, p. 134 [traductions de l'auteur].

95 Lydia X. Z. Brown, cité in Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 169.

96

Pierre-André Taguieff, L'Imposture décoloniale. Science imaginaire et pseudo-antiracisme, Éditions del'Observatoire, 2020, p. 272.

97 Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 46.

98 Mathieu Bock-Côté, « Marcel Gauchet : retour sur un "procès en sorcellerie" », Le Figaro, 12 août 2014.

99 Robin DiAngelo, citée in Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 205.

100 Mathieu Bock-Côté, La Révolution racialiste, Presses de la Cité, 2021, p. 128.

101 Helen Pluckrose et James Lindsay, op. cit., p. 205.

102 Débat « How to be an Antiracist », Aspen Ideas Festival, 26 juin 2019.

103

Heather Bruce, Robin DiAngelo, Gyda Swaney (Salish) et Amie Thurber, Between Principles and Practice: Tensions in Anti-Racist Education, Race and Pedagogy National Conference, University of Puget Sound, septembre 2014.

104

https://x.com/TitaniaMcGrath/status/1281023987242487808?s=20.